گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەند سەباح محەمەد عەلی.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئیلیاس

سەباح محەمەد عەلی: زیاتر حەز لە (نواندن) دەکەم چونکە زیاتر لە بینەران نزیکە
سەباح محەمەد عەلی: بەهەی نەخشیەوە نەمتوانی بەشداری لە درامای "8 دیوار" بکەم
هونەرمەند"سەباح محەمەد سەباح" زیاتر لە (50) ساڵ،لەڕگەی هونەرکانی (نواندن، کاریکاتێر، گۆرانی وتن) ،خزمەت بە هونەری کوردی دەکات ئەو هەرلەتەمەنی منداڵیەوە لەڕگەی لاسایکردنەوە بەهرەی نواندنی دەرکەوتوە بەهەی پیشەی دارتاشی باوکیشی، توانی بەهرەی هونەری کاریکاتێری خۆی بدۆزێتەوە ،جگە لەوەش لە هونەری گۆرانی وتن توانی چەندین گۆرانی بە تەلەفزیۆنی کەرکووک لە ساڵی هەشتایەکانی سەدەی رابردوو تۆمار بکات بە زیاتر ئاشنا بوون بە هونەرکەی لەنزیکەوە بەچەند پرسیارێک بەسەرمان کردوە.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

- سەرەتا وەکوپرسیارێکی کلاسیک ئاگەر بکرێت باس لە ژیانی هونەری خۆت بکەیت.
- من(سەباح محەمەد عەلی) لەساڵی 1951 لە گەرەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایک بووم هەر لەتەمەنی هەرزەکاریەوە خوولیای زەربەی هونەرکانم هەبوو، وەکو نواندن حەزم بەلاسایکردنەوە ئەو فلیمانەم دەکرد کەلە هەڵی سینەماکانی شاری هەولێر نمایش دەکران، لە هەمان کات لاسایی ئەو درامانە عەربیانەم دەکردەوە کە لە تەلەفزیۆنکان نمایش دەکران، سەبارەت بە هونەری کاریکاتێریش کە بەشکە لە هونەری شۆکاری ،کاتی خۆی باوکم (محەمەد عەلی) سندوقی ڕەنگاو ڕەنگی بەماڵان دروست دەکرد کە بەکارەهات بۆ یاتاخ ودەشگیان لەسەر دادنا باوکم ئەم سندوقەی بەچەندین وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی سەرنج راکێش وەکو تاوس ، کەتر ..دەڕازاندەوە،لە هەمان کاتدا باوکم دارتاشکی دەست ڕەنگین و ناسراو بوو بۆیە دەتواتنم بڵێم کاریگەری باوکم وای

لەکردم دەست بە هونەری شۆکاری ببم بە تایبەت لە هونەری کاریکاتێر و هونەری منداڵان نابە ئۆش لێبیر بکەم کە لە قوتابخانە بەشداری چالاکییەکانی ناوپەل و گۆڕەپانی قوتابخانە دەکرد ئەم حەزوو ئارەزووە بەردەوام بوو.

- بەڕام هەگبەی ئەرشیفی شانۆ و دراماتان دەوڵەمەندە ئەگەر بکرێت ئاماژە یان پێ بدەیت؟

-وایە راست دەکەی یەکەمین شانۆگەری بەشدابووم لەساڵی (1971) بەناوی (داسکەی شاسوار) لە نووسینی (ئەمین میرزاکەریم) و دەرهێنانی هونەرمەند (فەتاح خەتاب) ئەم شانۆگەرییە لە شاری هەولێر و بۆغدا نمایش کرا.دوای ئەوە بەشداری چەندین شانۆگەریم کردن لەوانە : شانۆگەری (زەنگی تەلەفۆن) ساڵی 1972 لە نووسینس (رسمی جەلال) و دەرهێنانی هونەرمەند (فەتاح خەتاب) لەهەولێر و کەرکووک نمایش کرا، شانۆگەری (ئەو دەمەی ئۆقیەن مەزن تردەبەت) لە نووسینی مامۆستا (ئەحمەد سالار) دەرهێنانی هونەرمەند (فەرهاد شەریف) لە ساڵی 1992 لە هەولێر نمایش کرا،شانۆگەری (مەملەکەتی ئۆفیون) نووسینی ودەرهێنانی هونەرمەند (تەحسین فائق) لە رۆژی جیهانی شانۆ لە ساڵی 1994 لە هۆڵی گەل نمایش کرا، شانۆگەری (کۆچەر قاقا) نووسینی شەرزاد پۆلیس دەرهێنانی هونەرمەند(ژیلوان تاهیر) ساڵی 200 لە هۆڵی گەل نمایش کرا،شانۆگەری(پەپوکە بردی) لەنووسین (ئورگەن) دەرهێنانی هونەرمەند(سەباح عەبدولڕەحمان) ساڵی 2008 لە هەولێر نمایش کرا ،درامای (نامە) لە نووسینی هونەرمەند (چەتە حەسن) دەرهێنانی هونەرمەند (وەلید نانەکەلی)،درامای (هەڵگەڕانەوە) نووسینی کەریم بایز دەرهێنانی هونەرمەند (تەعەلت سامان) ،درامای (ترس و ئۆقین) نووسینی(عەبدولڕەحمان پاشا) دەرهێنانی هونەرمەند (رەفیق نووری حەنا) ،فلیمی(گەرەکی داهەڵکان) نووسینی (شەرزاد عەبدولڕەحمان) دەرهێنانی هونەرمەند (حەسن عەلی) ساڵی 2009، درامای (خەونە ئازادەکان) نووسینی و دەرهێنان (سەباح عەبدولڕەحمان) 2003،درامای (چارنووس) نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند (حەسن عەلی) ساڵی 2000 ،درامای (کە بەرپرسیارە) نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند (ئەحمەد سابیر باڵا بەرز) بە تەلەفزیۆنی هەرێم، درامای (مامی ئالان) لە نووسینی (ئەحمەد خانی) دەرهێنانی هونەرمەند (ناسر حەسن) لەگەڵ چەندین کاری تر..

- ئەی چالاکییەکانت لە بواری هونەری کاریکاتێری؟
- سەبارەت بە هونەری کاریکاتێریش سەرەتای دەست پێکردنم بە ساڵی 1984 دەستم پێکردوە لەو ساتەوە تائێستا (10) پیشانگای تایبەتیم کردوە لە شارەکانی هەولێر و کۆیە و پیرمام و دیانا و شەقاوە کردەتەوە.. لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکان کاریکاتێرەکانم بڵاوکردەتەوە ..
- لە هونەری گرافی چرینیش خاوەنی چەند گرانییەکن دەتوانیت ئاماژەیان پێبدەیت؟

-لەبارەی هونەری گرافی ووتندا خاوەنی چەندین گرانیم وەکو (لەرگەی کانی ئاو دەنە بەمان)، (ئەی کچی کوردەواری)،(بای شەمال) کە لەساڵی 1984 لە تەلەفزیۆنی کەرکووک تەمارکرابوون ، بڕیام بردەوام نەبووم تێینا لە بەرنامەو دراماکان جار جار گرافی دەکەم.

- لە بواری هونەری کاریکاتێری و نواندن شۆن پەنجەتان دیارە،لە کامەیان زیاتر خەت دەبینیتەوە؟
- ئەوەی راستی بێت زیاتر حەز لە هونەری (نواندن) دەکەم ،چونکە زیاتر لە بینرانیش نزیکە بەتایبەتی کاتە لەگەڵ هونەرمەندان (سەلام کۆیی و ئیبراهیم حەکیم)، وەک ئەکتەربەشدار بووم لە بەرنامەی (ئاوەنە) ،کە لە کوردستان تیڤی پێشکەش دەکرا ،هەروەها لە بەرنامەی (هەگبەی کوردەواری) لەگەڵ هونەرمەندان (ئانوەر شێخانی و چەتە حەسن) هەستم کرد جەماوەر منیان زیاتر ناسی بەمنیش زیاترحەزو ئارەزوم بە هونەری نواندن بوو.

*لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو (ئانوەر شێخانی)،بەرنامەیکی تەلەفزیۆنی لە تیڤی کوردستان هەبوو بیرەکەو ناوەڕۆکی بەرنامەکە چی بوو؟

- بەرنامەکە ناوی (ئاوەنە) بوو،گوزراشتی لە داب و نەریتی کوردەواری دەکرد ،لە هەمان کات دا خەندە ئامێز بوو بینەر چێژی لێوەر دەگرد،سەرکەوتنکی بەرچاوی بەدەست هێنا ،بەجۆرێک جگە لە هاوڵاتی ئاسایی زۆرێک لە بەرپرسان چاوەڕوانی کاتی پێخشکردنی بەرنامەکەیان دەکرد ، بەرنامەکە بە شێوەیکی ڕەخنەی بونیادنەر ڕەخنەی لە دامودەزگاکانی حکومەت دەکرد بەگرە زۆر جاریش لەرگەی بەرنامەکە کێش و گرفتکانی هاوڵاتیانی لە نێو دامودەزگاکانی حکومەتی چارەسەر دەکرد.

- بۆچی لە ئێستادا بەرهەمی هونەریت کەم؟
- ئاوەژووی راستی بێت بەهۆی نەخشی بەتایبەتی نەخشی شکڕ و چاوەڕی و فشاری خوێن و چاوکانم ..باری تەندروستیم ڕێگام پێ نادات کارەکانی هونەری بکەم ،ئێگرنا زۆرێک لە دەرهێنەران داویان لێکردوم بۆشداریان لێگەڵ دا بکەم هەر بۆنموونە لەم ماوەی دوایێدا مامۆستا "کارۆخ ئیبراهیم حەکیم " داوای لێکردم بۆشداری لە درمای "8 دیوار" بکەم بە ناچار بەداخەوە بۆهەی نەخشی نەم توانی .

*وەکو شانەکارێک بینەری شانەی لە ئێستاداحەز بەچ جۆرە نمایشێک دەکات؟

- بینەری شانە لە ئێستادا حەز بەجۆرەنمایشێک دەکات کە ناسەرییەکانی خەی تیادا ببینێتەوە یاخود حەزدەکات کەنمایشکان بێن و بۆرامی کەلتووری کوردەواری لێبێت بەداخەوە لە ئێستا ئەو جۆرە نمایشانە زۆر کەمن ،کاتێ خەی ئەمان کە شانۆگەریمان نمایش دەکرد هەڵکان جەماوەر دەهات ،بگرە زۆر جار دەرگاو پەنجەری هەڵکان دەشکا بە ئاوەی نمایشکە ببینین ،نابێ ئاوەشمان لێبیر بچێت پەیدابوونی ئاو تەکنەلۆژیایەی ئێستا وسۆسیال میدیا تارادەێک هۆکار بووە بۆ ئاوەی بینەر کەم روو بکاتە هەڵکانی شانە.

*پێتان وایە هونەری کاریکاتێری دەتوانێت ڕۆخنە لە داب و نەریتە سلبییەکان نەو کەمەڵگا بگریت؟

- زۆر جار ئەمەی هونەرمەندانی کاریکارتێر لە ڕۆگەی هونەری کاریکاتێر، چەندین ڕۆخنەی جۆراجۆری نمایش کردووە بەناچار بە داخەوە وەک پێوست بەهێند وەرنەگیراوە ،بۆیە دەتوانم بەم نەک هونەری کاریکارتێر بەڵکو هونەرکانی تریش وەکو شانە و سینەمایش نەیتوانیوە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر وەرگر کردبێت.





وەستانەوە لە بەرامبەر دڕندەیی دەوڵەتی ئیسرائیلدا.. عوسمانی حاجی مارف

هەرشەکان و تووندوتیژی بەردومانی بەبەزییانەی دژی دانیشتوانی غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە، بووەتایبەتی بەردومانی بیمارستانی مەعمەدانی لە غەززە، نیگەرانی جیهانی وروژاندوە. لەم ئاراستەیشەوە سەرۆکی گۆڕی بەرفراوانی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داستی پێکردووە. بووەتایبەتی ئەم نیگەرانیە زیاتر فەلەستینیەکانی گەمارۆدراو لە غەززە دەگرێتەوە. بەڵام ئەوەی مەترسیدارترە پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە پەرەسەندنی ئەم هەرشە و ململانێیە شەڕکی ناوچەیی مەترسیدارو گەورەتری وەرانکەر بنەتە ئاراوە. لەکاتێکدا هیچ کام لە لایەنە سەرکیەکانی ئەم ململانێیە، جگە لە حەماس، لەگەڵ شەڕکی لەم شێوەیدا نین و سوودێکی نیە بۆیان، بەڵام ململانێی لایەنگران و هەواداکان، بەجۆرێک ئاگری مەترسی ئەو شەڕە فراوانیان فەڕەداوەتە مەیدانی ناوچەکەوە، کە سیناریۆی ئایندەیەکی ئاڵۆزو ترسناک و پڕکارەساتی کەمەکەڕی چاوەڕوانکراو بەرجەستە دەکاتەوە، هەکاری سەرکی ئەم ئاراستەیە لە ناواخنی بڕیارێوەندی سیاسەتی فاشستیانەی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە دژی چارەنوسی فەلەستینیەکان هەڵدەقوڵێت، بە پاڵپشتی بەمەرجی دەوڵەتی ئەمریکاو حکومەتەکانی هاوپەیمانی ڕۆژئاواو دەزگاکانی پڕوپاگەندەیان کە هەخشکەرو هاندەری ئەم بڕیارەیەتن.

لەم ئاستیدا لەگەڵ تەواوی ئەو تاوانانەی هاوڕان لە غەززەدا دەبینرێن، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بەرنامەداڕێژراوی پشوخت نییە کە ئیسرائیل یان بنیامین ناتانیاهو بیانووت مووداى شەڕکە فراوانتر بکەن، ئەم حاڵەتەی ئێستاش لەو تووندوتیژیەی بڕامبەر فەلەستینیەکان ئەنجامی ئەدەن، بەئەوەیە لەم ڕێگە نائینسانیەوە گورزێکی گەورە لە حەماس بدەن، تا بەم کردارە قەزوونە ئیعتباری هاوسەنگی هێز بە ئیسرائیل و دەسەڵاتی ناتانیاهو بگەڕێنرێتەوە.

ئیسرائیل نزیکەی ٣٦٠ هەزار سەربازی یەدەگی خەی بانگهێشت کرد، کە گەورەترین بانگهێشتکردنە لە مێژووی خۆیدا، ئەمەش ئامادەکاریەکە

بەم بەستی هەرشی زەمینی بە سەر غەزە. ئەم هەرشە گەر ئەنجام بدرێت، ووەی شکە دگەت بەرەو ئاراستەیکی فراوانتەرو دبەتە زەمینەسازی بە کاردانەوەو دخالەتی لایەنکانی تر لەم شدا، بەام گەر دوەتی ئیسرائیل بتوانێ لگەی بەردومانکانیەوە ئامانجکی بپکێت، خی لە یسکی ئەو هەرشکردنە زەمینیە دپارەزێت. ئەمەش گەڕاوکە ووبووی حکومەتی نەتانیاهو بووەتەوە، کە ئاخە لەکودا ئەتوانێت ئامانجکی بپکێت، کی گونجاو دبێت کتایی شکە اگەیەنێت، چونکە بتوانایی لە هەرشکردنی زەمینی و مامەکردن لگەڵ دەرئەنجامکانی ئەم شدا، بەهەر هاوپشتیک لەلایەن ئەمریکاو ەڕئاواوە دکرێت، زەحمەتە لە چاوەوانی شکی فراوان و سەرتاسەریدا خی اگرێت و بسەلامەتی لی بێتە دەرەوەو زامنی سەرکەوتن بکات.
ناتانیاهو لە بەرامبەر قیرانکی گەورە ووبووەو دبەتەوە، ئەگەر لە دوو بەردا شی هەرشی زەمینی بکات. لەلایک لە غەزەو لەلایکی تر لە بەرامبەر حزبولادا. جگە لەوی گەر ئاراستەی شکە بەو جەرە پەلبهاوێت بە چند بەرەیک، ئەوکات لایەنی تر کشدکات بە ناو مەیدانی شکە، وک ئێران و سوریاو عێراق و هەزە میلیشیاکان. ئەوکات لەم شدا جگە لە وێرانکاری و قوربانیکی بشومارتر، دەاو یا براوە نادیار دبێت، بەام زیاتربونی کوشتار و کارساتکان مسگەر دبن..!
هەر لەبەر ئەم هکارانش حزبولاو و ئێران جگە لە دروشمی هەشە بەرامبەر ئیسرائیل، لەباری عەملیەوە دیار نیە کە بیانووێت خیان بخەنە ناو ململانێ و شکەوە. هەرچەندە ئاماژەیک هەیە کە پەیانوایە حماس بە هەرشکی هماهەنگی لگەڵ ئێران و حزبولادا کردبێت، بەام هیچ بگەیکی ەشن نیە کە ئەم ەکەوتنە بسەلمێنێت. ئەوشی کەویداوە ئەوە نیشان ئەدات تەنها حماس بخی نەخشەی هەرشکردنە سەر ئیسرائیلی داشتوە. دوای هەرشکانی حماس هیچ هەرشکی هەملایەنە لە باکورەوە ووی نەداوە، هیچ بگەیکیش نیە کە ئامادەیی بە کرابێت، ئەوش بە لەبەرچاوگرتنی دخی نالەباری ئابووری و سیاسیە لە لوبنانداو بواری ئەو فرسەتی نەداوە، چونکە لە ئەستادا شە لگەڵ ئیسرائیل دەتوانێت ببێتە هی دامانی زیاتری لوبنان.
پەموایە بەهەمانشەوە ئێرانیش سوود لە شکی فراوانی سەرتاسەری وەرناگرێت. ئێران ململانێیکی سنووردارە لگەڵ ئیسرائیل پە باشترە نک شکی ئاشکرا. بەتایبەتی کەماری ئیسلامی ئێران تازە یەکک لە گەورەترین هەشەکانی بەردەم دسەاتکی خستەتە کنارەوە. دوای تپەبوونی ساەژی کوژرانی مهسا ئەمینی تادەیک هناسەیکی

ئاسوودەیی هەمژیو. جگە لەوەش ئابوری ئێران لە قەیراندایو ئێستا سەرنجی سەرکی کەماری ئیسلامی لەسەر هەکەکوتنە لەگەڵ واشنتۆن بۆ کەمکردنەوەی پڕەسەندن و ئازادکردنی پارەی ئێران و سووککردنی سزاکانی سەر فڕۆشتنی نەوتی ئێران. ئێران لەم هەرشەی حەماس سەری سوڕماوو لەم بارەیەو هەماهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی حەماسدا نەبووە، بەڵام ناتوانێ پشتیوانی لە حەماس فەرامۆش کات. لەهەمانکاتدا ئێران ئاماژەی بەوەداوە ئەگەر ئیسرائیل بەردەوام بێت لە بەردومانی غەززە، ناچار دەبێت دەخالەت بکات. ئەمەش واقعیەتێکی نەخوازراوو نەگونجاوە کە لە بەردەوامی شەڕەکەدا ئێران ناچار دەبێت بەجۆرێک لەم شەڕەوە بئاڵێنێت.

سیاسەتی ئیدارەی بایدنیش، پاش زنجیرە شکستەکانی ئەمریکا لە نێخشەو سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ڕووەدانی ئەم هەرشەی حەماسدا کەوتۆتە بەر گەژاوێک کە زەحمەتە بەی ڕاگرتنی هاوسەنگی بکات لە نێوان شەڕەی ئۆکرانیا، قەیرانی لەگەڵ چین لەسەر تایوان، کێشەو کودەتا لە ئاوگەڕەی چەند حکومەتێک لە ئەفریقادا، هەروەها هەڵگیرسانی شەڕێکی سەرتاسەری لە ناوچەکەدا بە قازانجی ئەمریکا نابێت، چونکە ئاستی کێشمەکێشی بەرامبەر ڕوسیاو چین و هەر ووڵاتێکی تری زلهێزی دنیا زیاتر دادەبەزێنێت.

بەگشتی ووڵاتانی عەرەبیش لە هەڵگیرسانی شەڕەی ناوچەیدا بە شکستێکی گەورە دەنێ دەڕوە، لە میسرەوە تا سوریا و سعودیە، هیچ دەستکەوتێکیان لە شەڕێکی هەمەلایەنەی ناوچەیدا نییە. میسر ترسی هەیە لە لەشاوی غەززەیەکان بۆ ژمارەیەکی زۆرەوە بۆ ناو سینا. دوای دە ساڵ لە قەیران و دابەزینی ئابووریەکەی لە بەرجەستەبونەوەی ئەم شەڕەدا فڕە بدرێتە بەر دەرگای کەتایبەوە، لە سوریاش ئاسەد سەرقاڵی ئاسایکردنەوەی پەیوەندیکانیەتی لەگەڵ ووڵاتانی عەرەبی و گەڕانەوە بۆ ناو جامیعەی عەرەبی، لەپێناو گەڕاندنەوەی شەرعیەتی سیاسی ئاسەدو دەرچونیان لە قەیرانی ئابوری.

شازادەی جێنشینی سعودیە، کە لە ڕۆگەی هەوڵی ئاسایکردنەوەی پەیوەندیکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا بوو، لە ئەنجامی بەردومانی غەززەدا دەرگیر بە ناکۆکیەک بوو، ناچارکرا ڕەخنەوی خۆی بگەیەنێت، چونکە ئەگەری شەڕێکی سەرتاسەری، تەحەدایەکی گەورەیە بە سەر سعودیە و شازادەکەی کەبیەوێت خۆی وەک سەرکردەیەکی بەکاربەری جیهانی عەرەبی جێگیر بکات.

بەگشتی ئەوەی ڕەچاو دەکرێت هەموو لایەنکان ئەم شەڕیان ناوێت و لە بەرژەوەندی هەموو لایەنکاندایە کە ڕۆگری لە شەڕی سەرتاسەری پەسەند بکەن. لەبەری شێ، پۆیستیان بەئاساییبونەوەو ئارامی ناوچەکەیە بە سەرمایەگوزاری، بەڵام بە شێوەیەک لایەنکان بە

مامۆستای دەخڵەوە سەرقاڵن، لە ئاکامی ئەو گیژاوەی دەرگیری بون، بە بە ویستی خۆیان پشتبینی ئۆگری هەڵگیرسانی شەڕەکە زیاتر دەکرێت.
ئۆگەر لەشکرکێشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بەردەوام بێت و سەرکەوتو بێت لە نەهێشتنی حەماس لە غەززەدا، حزبوللا ناچار دەبێت دەخالەت بکات، ئەم کارەش بۆ ڕزگارکردنی حەماس ناکات، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی خۆیەتی. لەم حاڵەتەشدا حزبوللا داستوخۆ ئێران دەخاتە ناو گێژاوی ململانێکەوە.، لەهەمانکاتدا سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئێران بۆ دژایەتی فراوانکردنی شەڕەکە، بەڵام وەزیری دەرەوەی ئێران هەشداریی دایە ئیسرائیل لەوەی ئۆگەر بەردومانەکانی بۆ سەر غەززە ڕانەگرێت، ووبەووی "بومبەڵەرزەیەکی توندوتیژ" دەبێتەوە.
لە ئۆگەری تەوەگلانی ئێران و حزبوللا لە شەڕەکەدا، ئیدارەی بایدن لەژێر فشارێکی گەورەدا خۆی دەبینێت بۆ دەخالەتی لە ڕووی سەربازیەوە، سەرەڕای خواستی ئەمریکا بۆئەوەی ئەم شەڕە نەکات، تەوەگلانی ئێران و حزبوللا دەتوانێت ببێتە هۆی تەوەگلانی واشنتۆنیش لە شەڕەکەی بەرفراوانی ناوچەیدا.
ئاشکرایە کە هەر دەخالەتێکی سەربازیی داستوخۆی ئەمریکا لە غەززەدا، یان دژ بە حزبوللاو ئێران ئەنجام بدرێت، ئاکامەکەی پەرچەکرداری هەرشی گەورە دەبێت بە سەر هێز و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆتایبەتی لەلایەن گروپە چەکدارەکانی سەر بە کەماری ئیسلامی ئێرانەوە، کە پێشتر میلیشیاکان لە عێراق و لە یەمەن هەشداریان داوە لە فراوانبوونەوەی شەڕەکەدا، لە بەرامبەر هەر دەخالەتێکی ئەمریکادا کاردانەوەیان دەبێت، لەهەمانکاتدا روسیاو هاوپەیمانەکانی بەدەنگ نابن.
سەرەڕای زانیاری و ئاگاداری واشنتۆن لەو مەترسیە گەورەیەی کە ئۆگەری ئەوی هەیە کردەوەکانی ئیسرائیل لە غەززە بیانخاتە ناو شەڕێکی هەمەلایەنەی ناوچەیەوە، کە نە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو نە ئیسرائیل دەکات. بەیە هەشداریدانی ئەمریکا تەنها بە حزبوللا و ئێرانە کە خۆاگری و ئارامی پێشنیار دەکات بەیان، بەبەئەوەی هەمان داواش لە ئیسرائیل بکات، بە ئۆگەرێکی زەرەوە کردارەکانی ئێستای ئیسرائیل دەبێتە هۆی ئەو سیناریە کارساتبارەی کە خودی ئەمریکاش لێی دەترسێت.
ئەم هەوڵستەی بایدن کە تەنها ئامۆژگاری نادروست بۆئیسرائیل دەدات، بۆجیا لەوەی دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران ئەمریکی لە جەنگێکی تری بەمانا و نا پێویست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەهەمانکاتدا بایدن شکستێکی گەورەی تر لە ناوچەکەدا بە ئەمریکا تۆمار دەکات لەسەر حسابی قوربانیدان بە سەدان هەزار لەخەڵکی

بەتاوان.
بەگشتی دەتوانین ئەو بۆچوونە وەک کردارێکی نابەرپرسانەی حەماس بە جۆرێک دژەخەڵکی شیبکەینەوە، کۆشکان و ململانێی لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا خستەتە بەردەم هەڵوەرجێکی پێچیدەی وەهاوە، کە لایەنەکان لەگەڵ ڕووی ئەوداوەکاندا ناتوانن نەخشەیەکی ڕوون و گونجاو بۆ مامەڵەی دژەخەڵکە بەدەستەوە بدەن.
جیاجیکردنەی ئەو نەخشە نائینسانی و سەرسوڕهێنەرەی حەماس لە بەرامبەر ئیسرائیلدا نیشانیدا، بۆچیا لەوەی دژەخەڵکەی بە جۆرێک شیقاندو ناوچەکەی لەبەردەم مەترسی و کارەساتی گەورەدا بەرەوو کردەتەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا کۆشەی فەڵەستین کە ماوەیەکی زۆر خەوێندراوەو بەدەنگی لێکراوە، خستەوە بەردەمی ئای گشتی لە جیهاندا. ئەمەش ئەو ئاکامە ئیدات بەدەستەوە، کە هەر جۆرە مامەڵە و بەرخوردێك، لە بەرامبەر دژەخی ناوچەکەدا بە هەڵگیرسانی شیەی بەرفروان بگات، یان لە کۆتایی شیدا، یاخود بەرگرتن بەم شیە، پەیوستە بۆچدی کۆشەی فەڵەستین لەسەر مەزی تەواوی لایەنەکان دابنرێت و یەکلایی بکرێتەوە، چونکە هەر بەرنامەیەک بۆ ئاسایکردنەوەی دژەخەکە پێش شەر یا دوای شەر لە ئاژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە بێ یەکلاییکردنەوەی ئەم کۆشەیە، ئەگەری دوبارە بونەوەی نمونەی کردارەکانی حەماس و هەرشی دندانەی ئیسرائیل و بەردەوامی لە نائارامی و ناجێگیری سیاسی لە ناوچەکەدا بەردەوامی دەبێت.
ئەوەش پەیوستە لەم هەلومەرجەدا ئاماژەی پێبدەین و خاڵی لەسەر دابنەین، هەرشە وەرانکاری و دندانەکانی ئیسرائیلە لە بەرامبەر خەڵکی بێتاوانی فەڵەستیندا، بۆتە جێگای بەدخستنی ناڕەزایەتی جەماوەرێکی بەرفراوان لە جیهاندا، کە خواستی ڕاگرتنی شەڕو سەرکەنە کردنەی کردارەکانی ئیسرائیل، ناوەڕۆکی جەڕو دروشمەکانیانە. ئەم ناڕەزایەتیەش لە بەرێیەکی ئینسانی و ئازادیخوازی بەرفراوانە، کە بەمانای بەرگری لە ژیان و گوزەران و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ خەڵکی فەڵەستین و ئیسرائیل نیشان ئیدات، نە لایەنگری حەماسەو نە لایەنگری دەوڵەتی ئیسرائیلە. ئەوەی پەیوستە لە بەدخستنی ئەم بەرێیدا بەرجەستە بکرێتەوە، بۆچیا لەوەستانەویان بەرامبەر شیەی بەربەریانەو تاوانکاران و داگیرکارێکانی ئیسرائیل، پەیوستە پێداگری و فشارهێنان بێت بۆ چارەسەری کۆشەی فەڵەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستین، بەهەزبونی ئەم بەرێیە لەگۆشەسەندنی خێیدا ئاراستەی دابینکردنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لەدەسەڵاتی سیاسیدا، ئەمەش کە ڕێگایەکە بۆ ڕزگاری بەشەریەت لەم نەهامەتی و کارەساتانەی کە گەورەترین

نائاسایشیان بۆ ئینسانەکان بەرهەم هێناوە.

هەڵمەتی کوردستان، شکستێکی دەستەبەرات و دووبارەبوونەوەی واقعی و عەمەلی.. نادر عەبدوڵڵا

شکستی تەواوی عەیار و هەڵمەتێکی دەستەبەراتدارانی هەرێم لەبارەی ئابووری و سیاسی و کارگێڕی و ...هتدوە، بانگەشەیەکی خەڵکی ناڕازی وەیا ناوزڕاندنی دەستەبەرات نییە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی لیبڕاڵ قەومی و ئیسلامییەوە، بەڵکو واقعێکی دڕدۆنگ و تاڕادەیەکیش کۆمەڵگەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی هەرێمەکە تیایدا دەژین، هەتا حزبەکانی دەستەبەراتداریش ناتوانن نکۆڵی لەبکەن و بەجۆرێک دانی پێدا دەنێن و بەویانووی دەهێنانەوە بە پێنووپەڕکردنی و چێنیەتی هاتنەدڕوە لێی.

یەکەم: شکستی سیاسی

ئەمەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە ڕاستیدا قاوغێکی بەتاڵە، چونکە گوزارش ناکات لە دەستەبەراتێکی ناوەندی یەکگرتوو لە هەرێمەکەدا کە یاسا و دادگای سەربەخۆی هەبێت لە حزبە فەرمانڕەواکانی. لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا کە ئەم هەرێمە لەژێر فەرمانڕەوایەتیی حزبەکانی دەستەبەرادا بووە، نەیانتوانی حکومەت و کارگێڕیەکی دەوڵەتییانەی تەکەمەل و یەکگرتووی بورژوازی خاوەن دامەزراوەی سیاسی و مەدەنی بهێنندی. بەدرێژایی زیاتر چارەکە سەدەیەک ئەم هەرێمە وەک دوو زۆنی لە یەک دابڕاوی کارگێڕی و سیاسی "زەرد"ی هەوڵێر و دهۆکی (پارتی) و "سەوز"ی سلێمانی و هەڵەبجەی (یەکگرتوو) لە ژێگەی میلیشیا و دامودەزگای ئەمنی حزبی سەرکوتگەرانەوە بەڕێوە دەبرێت.

نەک هەر ئەم شکستە سیاسییە گەورە و ستراتیژییەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد (کوردایەتی)، بەڵکو ئەو ڕەگەزەتن و هاوپەیمانێتییە ستراتیژی کە لە نێون دوو حزبی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیەدا لە ساڵی (۲۰۰۷) مەرکرابوو مرد، و ئێستا هەر حزبێ،

نەک ژەربەژەر بەڵکو بەئاشکرا، لە هەوڵی هێنانەدی هاوپەیمانەتی دایە بەدژی ئەوی تر لەگەڵ لایەنە دینی و قەومییەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی و واژەکردنی گرێبەستی یەک لایەنە لەگەڵ حکومەتی بەغدا.
ئەمە و هیچ شتەکیشیان پێ نەماوە بە جەماوەری زەحمەتکێشی هەرێمەکە جگە لە سەرکوتی خێپشاندان و ناڕەزایەتی بەردەوامی ڕۆژانەیان و هاوەدوونان و گرتنی هەڵسوڕاوان و چالاکوانانیان. ئەم جەماوەرە دەمەکە خوازیاری ڕزگاربوونن لەدەستیان و ئەمەش نەک هەر لە خێپشاندان و ناپەیەنەکانیاندا، بەڵکو هەتا لەو ڕۆژە زۆر کەمی بەشداریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیشدا دەردەکەوێت، کە تیایدا ئەو حزبانە لە ڕەگەی تەزویر و ساختەکارییەوە خۆیان بە "سەرکەوتوو"ی هەڵبژاردن ئادەگەنن.

دووەم: ئیفلاسی ئابووری
لە بودجەی ناوەندی عێراق، لە یەکەمین دە (١٠) ساڵی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٤-٢٠١٤)، وەک ئاماژەی داهاتی ناوخۆ، پشکی هەرێم لە بودجەیە لە (١٧%) بووە، کە کەی گشتی بەپێی ئامارە فەرمییەکان لەو ماوەیەدا (٤٢) ملیار دۆلار پشکی هەرێم بووە (بەوانە جەدوەلی ئامارەکە). جا لەگەڵ ئەم هەموو دارایییە زەبەلاحەدا ژێرخانێکی ئابووری سەردەمیانەیان دانەمەزراند، بەڵکو بەپێچەوانەوە زوربەی هەرە زۆری ئەو دارایییە بەتاڵان بڕا و وەک کەڵکەڵەی سەرمایە گردبووە لای کەمپانیاکانی سەر بە هەردوو حزبی دەسەڵات و بەرپرسانی حزبی و حکومی پلەباڵا کە مۆنۆپۆلی بازرگانی و زۆیوزارە پەیوەندەکانی دەوروبەری شارەکان و سامانە سروشتییەکانیان کردووە. هەر بۆیەش لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەزاران ملیۆنێر و سەدان ملیاردێری دۆلار لە کوردستانی عێراقدا، لە داوێنی حزبەکانی دەسەڵاتدا، وەک قارچکی بەهار هەڵتەقین و پەرەیاندا بە گەندەڵییەکی لەڕادەبەدەر کە جێستەی کەمگەکەی داڕزاندووە.
هەروەها گرتنەبەری ستراتیژی سەربەخۆیی ئابووری هەرێم لە (٢٠١٤)دا لە بواری بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی نەوت و گازەوە لە ڕەگەی کەمپانیا نەوتییەکان و تورکیاوە، بووە هۆی بینی پشکی هەرێم لەو ساڵە بەدواوە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە، کە ئەمەش بەدەوری خۆی حکومەتی هەرێمی ئیفلیج کرد، کە نەک هەر نەیتوانی شایستەی دارایییەکانی کەمپانیاکان دابین بکات، بەڵکو هەتا مەجبوور بوو دەستبخاتە قورگی کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتیش و موچەکانیان بە نیوەناچڵی و بە بینی بشکۆوە پێ بدات، لەگەڵ پێندانی چەند موچەیەک لە ساڵەکدا بەناوی پاشکۆتەوە، کە بەگشتی بازاڕی

پوکاندنەوە و زیاتر لە (٣٠٠٠) کەمپانیا مایەپوچیان ڕاگەیاند و بووە هۆی پانوپۆکردنەوەی داوێنی بەکاری لە کوردستان بەشێوەیەکی سەرسامئاوەر، کە کێچ و ڕووی لاوان و خانەوادەکانیانی بەدوای خۆیدا هێنا بە دەرەوەی وڵات.
نەک هەر ئەوە بەڵکو دوای ئەم هەموو هاشووشە بە سەربڕینی ئابووری، بەناچاری دەسیەی نەوت و گازیان ڕادەستی حکومەتی ناوەندی کردەوە و حکومەتی هەرێمیش زیاتر لە (٣٢) ملیار دۆلار قەرزارە.
ئەمە چ ئیفلاسییەکی گاتەجاڕییە! نەوت و گاز بە ماوەی هەشت – نە ساڵ لە بازاڕەکانی جیهاندا بفرۆشیت و لەوسەریشەوە حکومەتەکەت ئەو هەموو ملیارە قەرزار بیت؟ خۆ بەیاریش نییە کە ئەم قەرزانە کەمپانیاکانیان و سەرمایەدارانی ملیەنێر و ملیاردێر بیدەنەوە، بەڵکو هەر لەسەرتاوە حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵات وەک بەینی خزمەتگوزاریی شارەکان و کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە و دانەمەزراندن لە کەرتی گشتیدا، کردوویانەتە باجی سەرشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و مانگرەکانیان و نەوەکانی داهاتووشیان.

سێیەم: چاکسازی هیچ مانایەکی بە نەماوەتەوە لەناو دەسەڵاتدا
ساڵانێک هەردوو حزبی (پارتی) و (یەکێتی) و حکومەتی هاوبەشیان بە دەنگی بەرز باسیان لە چاکسازی دەکرد، هەتا سەرۆک وەزیرانی ئێستا (مەسرور بارزانی) لە پێکهێنانی کابینەی نەهەمی خۆیدا لە (٢٠١٩)، ناوی حکومەتەکەی خۆی نا (کابینەی چاکسازی)، بەڵام حکومەتەکەی ئەو زیاتر لەوانەی پێش خۆی هەژاری و نەداری بەسەر جەماوەردا داسەپاند، لەڕەوە لە میانەی ئەزموونێکی سیاسی ڕەژانەدا جەماوەر بەیان دەرکەوتووە و پەیان بەو ڕاستییە بردووە کە هیچ مانایەک نەماوەتەوە بە چاکسازی لەناو ئەم حکومەتە و لە هەگبەی ئەم حزبانەی دەسەڵاتەوە، جا مەسەلەکە لە ئێستادا بە ئەو جەماوەرە بەتە ئەوەی چۆن چۆنی ڕزگاریان بێت لەدەستیان.

چوارەم: هەوتە کەمەڵایەتییە سیاسییەکان و بەدیلە جیاوازەکان
لەڕەوە، لە ئیفلاسی سیاسی و ئابووری و داخرانی دەرگای هەرجۆرە چاکسازییەک لەناوخۆی خودی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدا، چوار هەوتی کەمەڵایەتی سیاسی؛ قەومییە لیبڕاڵەکان و ئیسلامی سیاسی و شۆشگێڕانی پێپڕلیست و سۆشیالیستە شۆشگێڕەکان کەوتوونەتە کەشمەکەش لەنەوخۆیاندا، لە پێناو زاڵکردنی ئاسەی خۆیان بەسەر کەمەگە و هەڵخاندنی (حەشدی) جەماوەر بەپێی ئەجیندا سیاسییەکانی خۆیان و پاڵەوانیان هووەو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە تایبەتن بە بزووتنەوەکەی خیانەوە، هەر هەموشیان

لە ژێر پەردەی ئەوەدا کە هەوڵدەدەن وەڵام بە خواستەکانی جەماوەری ستەمدیدە بدەنەوە.
کۆشمەکۆشی ئێم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە سیاسیانە، نەک هەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی دژایەتی حزب و دەسکخراوەی بزووتنەوەیەک بە حزب و دەسکخراوەی بزوتنەوەکانی تر، بەڵکو لەڕێگەی ڕکابەری نەوخێیی و ململانێی "خەزانی" لە نێوان حیزب و دەسکخراوە جیاوازەکانی بزووتنەوەکەی خۆشیانەوە و دەڤواتە دووە. هاوپەیمانەتی دوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سیاسیش بە بادەستی خێیان و دژایەتی و پاشکۆپەکردنی بزووتنەوەکانی تر هەر بە هەمان شێوە دەڤواتە دووە. لەڕووە جەرەها ئاجیندای سیاسی و بەدیلی جەراوجەر دەخرێنەوو لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، بە ئامانجی لەقاڵبدانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و کۆنترۆڵکردنیان و ئاراستەکردنیان بەرەو بەدیهێنانی ئاجێندای دیاریکراو.
سەرەڕای ئەو هەموو ژمارە زەرە لە هێز و دەسکخراوە و حزب و بلۆک و قەوارەی سیاسی، وە سەرەڕای ئەو هەموو ئاجیندا و بەدیلانەی کە دەخرێنەوو، بەڕای هەر هەموویان لەناو چوارچێوەی دوو بەرەی چینایەتیی گەورەی ناکۆک بەیەکدا ڕیز دەبەستن و لە قاڵبی دوو ئۆپۆزناتیقی نەوعی دژ بەیەکدا جێ دەکەون، کە ئەویش؛ یا چاکسازیی بورژوازییە لەناو هەمان ژێمی سیاسی ئابووریدا، یان ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و هەڵتەکاندنی ئێم ژێمە سیاسی ئابووریەیە لە ڕوانگەی کرێکاری کۆمۆنیستەوە، بەمانەک تەواوی ئەو حزب و هێز و دەسکخراوە جەراوجەرانە و ئەو بەدیلە هەنگاوەنگانە پاڵپشتی دەکرێن بەسەر دوو پاڵدا؛ بەدیلی ڕیفەرمیستی بەرژوا نیولیبڕاڵی ناسیونالیست و ئیسلامی لایەک و بەدیلی شۆشگێڕانەی سۆسیالیستی کرێکاری لە لایەکی تریدا.

• بەدیلی ناسیونالیستە لیبڕاڵەکان

ناسیونالیستە لیبڕاڵەکانی کوردستان سەرەتا لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە هەڵگەی هەڵبژاردنی و فشاری پەرلەمانی خستنە سەر حیزبەکانی دەسەڵات (پارتی) و (یەکێتی) و چاکسازییەکانی پەرلەمانییەوە، دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەیی لە کوردستاندا بەتەدی. ئەستا پاش تێپەڕینی چەندین خولی پەرلەمانی، ئێم لیبڕاڵ ناسیونالیستانە بە ئومێد بوون لەوەی کە لە هەڵگەی خودی ئێم حزبانەی دەسەڵاتەوە ئێم ئامانجییان بەتەدی، بەبێ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودی ئەو حزبانەی دەسەڵات هەگرن لە بەردەم هاتنەدی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەیی و خوازیاری لاچوون و لابردنی ئەو حزبانە و دەسەڵاتیانن، بەڵام ترسیان هەیە ئێمە لە هەڵگەی ڕاپەڕین و شۆشی

جەماوەریی و ئەنجام بدرێت، لەڕوو لە هەوەدان تا ئەم حزبانەی دەسەڵات لە ڕێگەی فشاری وەاتانی ڕۆژاوایی وەلا بنرێن ئەویش بە ناچارکردنیان بە هەڵبژاردنەکی "پاک و بێخەوش"ی دوور لە ساختەکاری و لە ژێر چاودێری نەودەوڵەتیدا.

حزبی (نەوەی نوێ) سەر بەم بەدیلە نیولیبراڵیە کە دیەوێت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە دەسەاتدا بگرێتە دەست و حکومەتکی نوێ پێکبهێنێت بە بەشداریی چەند لایەنکی قەومی و ئیسلامی، وە لە هەمان کاتدا پارێزگاری لەو دامەزراوانەی حوکمەانی بکات کە لە لایەن دوو حزبی دەسەاتداری تا ئێستاوە دروستکراون، واتە هەنانکایەی ئاوگڕێکی سیاسیی شکڵی، لەسەرەوەی کەمێگەدا ئەویش بە لابردنی تەنها سەروپێتاکی دەوڵەت و هەشتنەوەی هەمان قەوارەی دەوڵەت و هەمان دامەزراوەکانی حوکمەانی. هەرچی وەاتانی دیموکراسی ڕۆژئاوایی و ئیمپریالیزمی ئەمریکییە، پشتیوانی ئەم گۆڕانکاریە شکڵی و هووکەش و فڕەمیێە دەکەن، بە ڕێگارکردنی دەخەکە و ڕێگری کردن لەوەی لە ژێر کۆنترۆڵ دەرچێت، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی و ئەجێندا جیۆپۆلەتیکیەکانیان لە ناوچەی ڕۆژهەاتی ناوەاستدا.

• بەدیلی ئیسلامی سیاسی

ئیسلامی سیاسی هەزێکی ڕێکخراوە، حزبەکانی لە پەرلەمانی کوردستان خاوەن کورسین و لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و دادگاکانیشدا کاریگەرییان هەیە، وە بە هاوکاری حزبەکانی دەسەات پێنا دەبێنبەر داسپاندنی یاسای کۆنەپەرستانە، بەتایبەتی دژی ژنان و گۆنجانی تینووی ئازادی، بە ڕێگری لە ئازادییە مەدەنییەکان و پێوەندیی کەمەایەتی پێشکەوتنخواز، و لە قاڵبدان و بەرتەسک کردنەوەی ململانێی چینایەتی لە کەمێگادا. زووتر ئەم حزبە ئیسلامییانە هاوبەشی (یەکێتی) و (پارتی) بوون لە کابینە جەراوجەرەکانی حکومەتی هەرێمدا، لە ئێستاشدا دەرفەتی ئەویان هەیە کە هاوبەشی داهاتووی حکومەتی حزبی (نەوەی نوێ) بن، یان بەشێک بن لە هاوپەیمانەتییەکی حکومەتی نەوان چەند حزبێکی قەومی و ئیسلامی، بەناوی ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی ببێتە بەدیلێکی سەربەخۆ بە دەخی ئێستای کوردستان دوورە لە واقعەوە.

ناوەڕۆکی ئابووری بەدیلی هەموو حزبە ئیسلامییەکان هەمان بەدیلی نیولیبەاڵی ناسیونالیستەکانە بەکەمێک خێروخێراتی ئیسلامییەوە، ئەمەش لە نمونەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران و ئەفگانستان و تورکیا و سعودیە... شدا، ڕوون و ئاشکرا دیارە کە هەمان سەرمایەداری نیولیبرالیزمە، بەناوی جیایان دەکاتەوە لە ناسیونالیستە لیبەاڵەکان، دەخاڵەتکردنەناو کاروباری شەخسی تاکەکەسی و

داسەپاندنی کۆنەپەرستییەتی ئایینی بەسەر کۆمەڵگە و سەرکوتی ئازادی بە پەردەیە، کە لە مشیانەدا ناسیونالیستەکان لە بەرژەوەندیانە نەک هەر سازشکار بن لە بەرامبەریدا، بەکو بەئاشکراش دەست تێکەوەاو بکەن لەگەیاندا، بە بەرگرتن بە ووتی شۆشگەرانە و سۆشیالیستی ناو کۆمەڵگە، هەر ئەمش بنەمای هاوبەشیانە لە حکومەتدا پێکەوە و بەدیلێک لە کێکتەلی قەومی ئیسلامی پێکدەهێنن بە دەسەاتی بورژوازی.

• بەدیلی شۆشگەرانەی جەماوەری

جگە لە ناڕازایەتیی ڕۆژانە، تووڕەیی و پەستی جەماوەریش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەمکە دەبەت و جارجاریش سەردەکشێ بە تەقینەوەیەکی بەکۆمەڵ و گروپە چەپەکان و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە ناڕازایەتییەکان تیایدا چالاک دەبن، کە وەک هەمیشەش داوا دەکەن خەڵک بێنە مەیدانی خۆپیشاندان و ئاپۆڕین ئەنجام بدەن تا دەسەات بوخڕێنن و لە ڕێگەی پێکهێنانی شورا و کۆمەن و کانتۆنکانەوە دەسەاتی خۆیان دادەمزرێنن، هەموو ئەمانەش بەبێ ئەوەی هاوسەنگی هێز و ئاستی ڕێکخراوبوونی جەماوەر لەبەرچاو بگیرێت.

ڕەوانگەی ئەم شۆشگەرە جەماوەریانە، جەماوەر وەک بەرەیەکی یەکپارچە و یەکگرتوو لەدژی حکومەتی هەرێم و دەسەاتی دوو حیزبی خاوەن میلیشیا و دامودەزگای سەرکوتگەر دەبینێت، چینەکان و ووتە کۆمەایەتییە سیاسییەکان و خەباتی چینایەتی لەناو جەماوەردا نابینێت، لە ڕەوانگەی ئەوانەوە کەشمەکەشی ووتە فکری و سیاسییە حزبییەکان لەناو بزووتنەوەی جەماوەریدا ناکۆکی دروست دەکات و دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕیزەکانی خەباتی جەماوەری، بۆیە لای ئەوان خەباتی فیکری وەک یەکێک لە پایەکانی خەباتی چینایەتی کەم بەهایە و یەکێتی گەل و هەموو بەهەموو دوژمنایەتی کردنی دەستجەمعییانەی ڕژێم بەرز دەنرخێنن.

پەپەلیزمی شۆشگەڕانە ووتەکی ناتەبا و ناڕێکخراوە، چالاک و بزوێنە لە بزووتنەوە ناڕازایەتییەکان و ڕووداوە سیاسییەکاندا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئاسەی سەروو چینایەتییەکەی لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا، ڕێگرە لەوەی ببێتە بەدیلێکی واقعی بە چینە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگا، چ بورژوازی و چ کرێکار، بەڵام بۆی هەیە لە دەخێکی مێژوویی دیاریکراو و قەیرانا ویدا، ببێتە پردەبازێکی ڕاگوزەر و کاتی بە پێنەوەی یەکێک لە بەدیلی چینە ئاسییەکانی کۆمەڵگە.

• بەدیلی سۆشیالیستی

ئەم بدیلە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە کە خەڵکی کوردستان لە کەمپەینێکی چینایەتی-سەرمایەداریدا دەژین، وەک بەشێک لە سیستەمێکی ئابووری و سیاسیی جیهانی، کە تێیدا بەرژوازی کورد بەهرەمەندە لە پێوەندییەکی ئابووری و سیاسی و تەنانەت ئەمنی و سەربازی ستراتیژیانەی پتەو لەگەڵ بەرژوازی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا. دیاردە و ڕەوتی دواکەوتووانەی پێش سەرمایەداری خەڵکییانە و بنەماڕەیی و عەشایەری کە هاوڕای دەسەڵاتی ئێو دوو حیزبەیە، لە جەوهەری چینایەتی بەرژوازییانەی ئەم حیزبانە و حکومەتی هەرێم ناگەیەنێت.
لە ئێستادا ئەم دەسەڵاتە کۆتەتە ناو قەیرانێکی قووڵ، لە ئاکامی ئەوەی کە حزبەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ڕێباز و سیاسەتێکی ئابووری چینایەتی ڕوون و ئاشکرایان گرتەبەر کە نیولیبرالیزم و پێیەوەی دەکات لە ڕێنمایی دامەزراوەکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا لە چێشنی (بانکی نێودەوڵەتی) و (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی)، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر بە تایبەتکردنی کەرتی گشتی، و شانخاڵی کردنەوەی دەوڵەت لە بەرپرسیارێتی دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، دانەمەزراندن لە کەرتی گشتیدا.
مانەوەی ئەم سیستەمە سەرمایەداریە و دەسەڵاتی بەرژوازی کورد، ئێستا لە دوژمنایەتییەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی جەماوەری زەحمەتکێش. ئەوەی کە ڕوگرە لە گەینینی ئەم بارودۆخە قەیرانا ویی سەرمایە و دەسەڵاتی بەرژوازی و تراژیدیای ژیانی خەڵک، بە قەیرانکی شەڕشگێڕانە و شۆڕشکی سیاسیستی کرێکاران و ڕەنجدەران و دامەزراندنی دەسەڵاتی چینایەتی خەیان، نەبوونی ڕێکخستن و چەکداربوونیانە بە ئاسەیکی سیاسیستی نوونەتەوەیی و دابڕانی بزووتنەوەکیانە لە بزووتنەوەی سەرتاسەری چینی کرێکار لە عێراقدا. ئەمە وەک کەمنیستە شەڕشگێڕکان لە کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی ئەم تەحەدا مێژوویە بووینەتەوە.

بەکورتی

لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانکی قوڵی کەمپەگای سەرمایەداری و دەسەڵاتی بەرژوایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، تەنها دوو بدیلی ڕاستەقینە و عەمەلی لە ئارادایە، یان چاکسازی نیولیبرالی بودجە و بڕش بە گەڕانکاریەکی شکڵی و ڕووکەشیانەو کە لیبڕاڵ قەومیەکان و ئیسلامیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، یان شۆڕشی جەماوەری زەحمەتکێش کە خەی لەکهەڵپەکابەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و

سۆشیالیستی چینی کرێکارەوە لە سەرانسەری عێراقدا و لە هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێکی کرێکاریدا بێت لە هەرەمەکدا بە جێگیرکردنی دەسەڵاتداریتی شۆرایی و چینایەتی کرێکار بەسەر کۆمەڵگادا.

کۆتایی ئەیلول/سێپتەمبەری ٢٠٢٣

حەماس و لیکود: لێکچوونی تاوان و بیروباوەڕ.. عەلی مەحمود محەمەد

.Sun, Oct 29 at 5:43 p.m

هەرچی پارت و کۆمەڵایەتی فاشیستی جوو هەیە, لە کابینەتەکەی ئێستای لیکود بەسەرکردایەتی نەتەنیاهۆ کە بەوونەتەوە" یاش و شاس و زایۆنیزمی دینی و یەکێتی نیشتمانی و ئیسرائیل ماڵمانو ......, " پشتیوانی 106 کورسی لە کەی 120 کورسی پەرلەمانی هەیە, کابینەکەی ئێستای نەتەنیاهۆ راستڕەوترین کابینەیە لە مێژووی دەوڵەتی نوێی ئیسرائیلدا, جگە لە پارتی کارو دوو لیستی عەرەبی چەپ و ئیسلامی, هەموو لیستەکانی دیکە لە دەوری حکومەتە راستگرا ئاینییە یەکێتی نیشتمانییەکەی نەتەنیاهۆ کە بەوونەتەوە, تا ئەو ئاستەی نوزەی نەیاری ناوخۆیی بەرامبەر بە حکوومەتەکەی نەهێشتووەو کردویەتیە کابینەی بکوژو ببە, گەلی جووی لە گەلەکی زەرلەکراوی مەزڵومی هەزاران ساڵەی قوربانی هەلەکەستە یەك لە دوای یەکەکانەوە کردەتە گەلەکی بکوژو ببەو تاوانکار, دیارە تاوانە قێزەونەکەی حەماسیش لە 7ی ئۆکتۆبەر کە رووی داعشی سپی کردەوە, باشترین دیاری بوو بە هاوچین و هاوبیروباوەڕە جووە زایۆنیزمەکیان, لەسەر سینی زێر بەهانەی تاوانیان پێشکەش کردن.
حەماس و لیکود لە فەرهەنگی سیاسییدا لە یەك خانەی سیاسی پڵەن دەکرێن, کە دوو پارتی راستی پارێزگاری ئاینین, حەماس کە ناسنامەی ئایدەلۆژیکەی لە ئیخوانەویە, وەك لیکود پارتێکی راستگرای پارێزگار, لە روی ئابووریەوە هەردوو پارت باوەڕیان بە ئابووری

بازاڕ, جیاوازییان تەنها لەوەدایە هەردووك نەوەی ئیبراهیمن و یەکیان نوێنەرایەتی ئیسماعیل دەکات ئەوی دی ئیسحاق, هەردووکیان چەن بە بەچوونی خەیان نەوەی سامی کوڕی نوحن, بەهەمان شێوە خاوەندی یەك پەیڕەوو یەك ریش و دوژمنایەتی سەرسەختی بەرازو هاوشێوەی نزیکی شەریعەت و بیرکردنەوەن, یەکیان ناوی ئیسلامی هەڵگرتووە ئەوی دی عیبرانی.
بەیە ئەم جەنگە, جەنگی دوو گروپی تاوانکارن, هەرچەندە هەردوولایان خەیان بە نوێنەری دوو گروپی زەرلەکراوی مەژوویی دەدەنە قەڵەم, لە بە پێی یاسای جیهانی مرۆیی و ڕێکەوتنامەی جنێف و پایەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و یاساو پرنسیبە نێودەوڵەتییەکان ئەو مافیان نییە چییان ویست بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل و دیلی جەنگ و ناوچە سڤیل نشینەکان بیکەن, ئەوانیش مافی تایبەتیان هەیە لە ژیان و پاراستنی کەرامەتیان, مافەکانیان بە ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی دیاریکراوە .
مەرەف کە هەوڵەست وەردەگرێت دەبێت بە هەردوو چاوی سەیری ڕووداوەکان بکات, هەموو تاوانەکانی ئەم خولە ببینێت, نەك تەنها ئەوەی ڕژی حەوتی ئۆکتۆبەر جیهانی هەژاند, یان تەنها ئەوەی دوای کاردانەوەکە بەسەر خەڵکی غەزەدا هات, لەبەدا کارو کاردانەوە هەردووك لە ڕووی پێناسی تاوانەوە لە یەك چوارچێوەدان, تاوانی قورسن دوای پشکنین و لێکۆڵینەوە, دادگا بەیاریان لەسەر دەدا, کە چاودێران لە خانەی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆقایەتی تا جێنسایدە ریزی دەکەن, مەبەستم ئەوە نییە تاوانکان پێش 7ی ئۆکتۆبەر لە یاد بکەن, چوونکە ئەم تاوانانەی لەسەر ئەو خاکە ئەنجام دراون و دەدرێن, تاوانی زۆقی گەورەن و کات و شوێن نایان سڕێتەوە, ناشبێت تاوانکار لە سزا ڕزگاری ببێت.
بەیە چەپڵە لەدان بە هەر لایەکی ئەم دوو گروپە تاوانکارە بە خەی تاوانە, ئەوان دەیانەوێت هەردوو کەمپگا لە دەوری گروپە تاوانکارییەکانیان کۆبکەنەوە, خەڵك بکەنە چەپڵە لەدەری تاوان, سەما کردن بە تاوان بشداریییە لە ئاهەنگی تاوان.

چاوپکەوتنی ڕۆژنامەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ موئەیەد ئەحمەد، سەبارەت بە هەواوکانی کارتی غەزە

موئەیەد ئەحمەد: هەڤتاری فاشیستانە و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئیسرائیل و پاڕێزکرداری حەماس و تیرۆریزمەکەی، لەک جیاناکرێنەوە و یەک پرسە و یەک واقیعەتن.

ڕۆژهەڵات: سوپاس هاوڕێ موئەیەد بۆ ئەم دەرفەتە و ئەم بەدەنگەوە هاتنەت بۆ ڕۆژنامەی (ڕۆژهەڵات) لەسەر هەواوکی جیهانی گرنگ و نزیک لە کەمپەگای ئەمە لە (۷)ی ئەم مانگەوە دەستپێکردووە. باسی سەربازی هێکخراوەی حەماسی فەلەستینی و چەند گروپێکی جیهادی تر هەرشیان کردە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل و کردەوەیەکی سەربازی غافڵگیرانە و سەرکەوتوانەیان بەئەنجامبرد و لەوەوە جەنگێکی خوێناوی درێژەی هەیە. بۆ ئای تۆ ئەم کوشتوکوشتارە چۆن هەڵدەسەنگێنی و بڕۆ کۆ دەوات و هیزەکانی دەرگیری ئەم جەنگە چۆن دەبینی؟

موئەیەد ئەحمەد: دەستانخۆش بێت و زۆر سوپاس، بۆ منداڵش زۆر گرنگ بوو کە دەربارەی ئەم مەسەلەیە بدوێین. ئەم دەورەیە لە کوشتوکوشتار و ماڵوێرانی و دەربەدەری، ئەقەیەکی دیکەی ئەو زنجیرە دوور و درێژە کارەساتبارەیە کە بە دەیان ساڵە لە ئارادیە و بڕێکی بە خەڵکی مەدەنی و دانیشتوانی بێتاوانی فەلەستین و ئیسرائیل گرتووە. جینەسایدی دانیشتوانی کارتی غەزەش کە دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتەکەی و هێزەکانی ئەنجامی ئەدات لە ئیستادا درێژەی سیاسەت و پاڵاتیکی بەردەوام و چەند دەیەیی هەمان ئەم دەوڵەتەیە دژ بە فەلەستینیەکان. جیاوازیەکی هەر ئەوەیە کە ئەمجارەیان بە دوای ئەو هەرشە سەربازی و کارە تیرۆریستیەیە وەحشیانەیەی ڕۆژی ۷ ئوکتۆبەر دەت کە حەماس و جیهادی ئیسلامی و باڵە سەربازیەکەیان؛ کەتائیبی ئەلقەسام (کتائب القسام)، ئەنجامیداوە.
بەگەیرەی هەواڵەکان هەرشی سەربازی و تیرۆریستی حەماس بووەتە هەی کوشتوکوشتاری زیاتر لە ١٤٠٠ کەسی سیڤل و سەربازی ئیسرائیلی و بەدیلگرتنی سەدان سەرباز و سیڤل کە بەشیکیان منداڵن. ئەبەتە ئەم هەرشە سەربازییەی حەماس لە ۷ ئۆکتۆبەردا سیاسەت و ستراتیژێکی پشتە نەخشەداپێژراوی ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە بووە و ئاواش

پیادەکراوە و لە بنەڕەتدا هەڵینجراوی سیاسەت و تیۆری و پراتیکی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسییە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا جیاناکرێتەوە لەوەی کە کردەوەیەکی سەربازی و تیرۆریستییە لەبەرامبەر تیرۆر و فەزایەکی تیرۆریستی، کە پێشتر دەسەڵاتداریەتی ئیسرائیل و دەوڵەت و حکومەتە یەک لە دوای یەککانی، و لەسەرەتای دروستبوونی ئیسرائیلەوە و هەتا ئیستاش، خەڵقاندوویەتی و پیادەی کردووە بەدژی فەڵەستینییەکان.

سوپا و هێزە ئەمنییەکانی ئیسرائیل ئەمساڵ و پێش ئەم هێرشە وەداوانەی ئیستای غەزە، سەدان فەڵەستینییان کوشتووە، و لەساڵی ٢٠٠٧یشەوە تا پێش ئەم هێرشە وەداوانە خەینی زیاتر لە شەش هەزار فەڵەستینیان هێشتووە. هەروەک ئەبینین ئەوا بە پتر لە دوو هەفتەیە هێرشکانی ئیسرائیل سەرقاڵی تەفروتوناکردنی کێناری غەزەن و هەتا ئەم ساتەوەختە و بەدوای تاوانکارێکدا بە سەر خەستەخانەی معمەدانی، کە بە گەیرەی ئیدارەی تەندروستی غەزە ٤٧١ کوژراوە و ٣١٤ کەس بریندار بووە، لەم کەمپەنە سەربازی و تیرۆریستییەی ئیسرائیلدا لە غەزە تا ئەمڕە(٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣) و بە گەیرەی وێبسایتی (میدیل ئیست ئای)، پتر لە ٦٥٠٠ سیڤلی فەڵەستینی گیانیان لەدەستداوە کە٢٧٠٠ کەسیان منداڵن و نزیکەی ١٧ هەزار کەسیش بریندارە. ئەم جینۆسایدە و کاولکارییە بە بەردەوام خانوو و باخانە و گەڕەک و خەستخانە و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانیانی کردۆتە ئامانج و ئامێش شانەشانی فڕۆکەزکردنی گەمارۆیەکی ئابووری و خزمەتگوزاری بە ئەندازە نائینسانی کە بەجارێ دانیشوانی غەزەی بە نان و ئاو و کارەبا و هەر خزمەتگوزارییەکی تەندروستی و پۆیست کردووە، و بووتە هۆی فراهەمهێنانی فەزا بە دڕبەدڕکردنی زیاتر لە ملیۆن و نیوەک فەڵەستینی و ئاوارەکردنیان بە دەرەوەی کەرتی غەزە.

حکومەتی ئیسرائیل ئێوەت، گەر بێ بلوەت، بەم جینوسایدە هەرشی زەمینی و داگیرکردنەوەی ئەم کەرتە ئەنجامبدات، بەم پێیش، ئێوەت، جاریکی دیکە، وەک ساڵی ١٩٤٨، تراژیدیایەکی دیکەی ئینسانی بخوڵقێنێ بەڵام ئەم جارێیان لە ئاستەکی زۆر گەورەتر و هەمەلاینەتردا و بەدژی دانەستوانی غەزە کە بە خێیان هەمان ئەو کەسانە و نەوەکانیانن کە پێشتر ناگێزراون لە فەڵەستین لە ساڵەکانی ١٩٤٨ و ١٩٤٩دا.

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی هێزەکانی دەرگیر لەم جەنگەدا، سەرتا ئەبێ ئەوەمان لاوون بێت، کە هێفتاری فشیستانە و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئیسرائیل و پڕچەکداری حەماس و تیرۆریزمەکەی، لەگ جیاناکرێنەوە و یەک پرسە و یەک واقعیەتن، و بە بروای من، ئەم

بەردی بناغەی هەر شیکردنەوەیەکی دروستی ئەم جەنگەیە.
ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەوەی فەزای خوڕاندووە و ئیمکانی داوە کە حەماس ئەم کارە و ئەم تاوانە بە دژی سیڤلی ئیسرائیل ئەنجامبدات، دەوڵەتی ئیسرائیل و سەرکوت و کوشتوبڕیکانییەتی بەدژی خەڵکی فەلەستین، واتە حەماس تەواوکاری ئیسرائیل و قوتبی بەرامبەریەتی. هەر بۆیە ناکری ئەم جەنگە لە یەکلاوە سەیر بکرێت، بەڵکو ئەبێ هەردوولا وەک پرسیارێک و لە کۆنتیکستی یەکتردا لێکبدرێتەوە.
بەڵام ئەم پلەیە لە شیکردنەوە نامانگەنێتە تەواوی ڕاستیەکە و تیگەیشتن لە پاردۆکسی ئەم دووڵایەنە چونکە فاکتەرێکی دیکەی بناغەیی دەتە ئاراوە؛ بەو ئەندازەیەی کە باسی حەماس بکەین، ئەویش ئەوەیە کە حەماس بەشێکە لە بزووتنەوەیەکی بەرینتر و واوەتر لە چوارچێوەی کێشە و پێکدانەکانی فەلەستینییەکان و دەوڵەتی ئیسرائیل، کە ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسییە. و هەر بەم پێیەش بەباز (مەنهەج) و سیاسەت و هەروەها بەرنامە و تیوری و پراتیکی حەماس سەر بەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە چینایەتییەی بورژوازییە، و ئامانجی حەماس هەر تەنها تێکماندنی ئیسرائیل نییە بەڵکو دروستکردنی ئیمارەتیکی بورژوازی سەرکوتگەری ئیسلامییە لە شوێنیدا. هەر بۆیە پێش ئەوەی حەماس لەبەرامبەر ئیسرائیلدا بێت لەبەرامبەر کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز و ژنانی فەلەستیندایە.
لە وەڵام بە پرسیارێک کە بە ئەبە حەماس پێیوەندی بەبزووتنەوەی دژە ستەم لەسەر جەماوەری خەڵکی فەلەستینەوە هەبە، و بە ناکرێت جەنگ و پێکدادانەکانی حەماس لەبەرامبەر ئیسرائیلدا تەنها وەک قوتبێکی ئیرهابی بەرامبەر قوتبی ئیرهابی دەوڵەتی ئیسرائیل نیشان بدرێت، ئەبێم ئەتوانری ئەو کارە بکرێت، بەڵام ئەوە باسکە نییە و لە ڕیگەی ئەو ڕەخنەیەوە ناتوانری سیاسەتێکی کرداریی کۆمۆنیستی لەوە دەربهێنرێت.
بەسادەیی بەڵێم، جەماوەری فەلەستین دژگیری ستەمی دەوڵەتی ئیسرائیلە لەسەری و ئەم کارە سەربازی و تیرۆریستییەی حەماس، بمانەوێت یا نەمانەوێت، پێیوەندییەکی بەلابردنی ئەو ستەمەوە پەیداکردووە هەم لەباری ئەوەی کە لەواقعدا ستەمێک لە ئارادایە و بەرنگاریەکی جەماوەری فەلەستین هەیە بەرامبەری، و هەم لە هەش و فیکری جەماوەری بەرینی فەلەستینی و جەماوەری ناڕازی لە وڵاتانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا. هەکاری ئەمڕۆش ئەوەیە کە حەماس، لەهەمان کاتدا، هێزێکی ئیسلامی سیاسییە، بەڵام لە جوگرافیایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتورەکی دیاریکردودا هەبوونی سیاسی و عەسکەری

هەیە و لە پەیوەندە بە کێشەکەوە، کە کێشەی فەلەستینییە و هەکاری ئیسلامی و سەرکی ئەم کیشەیەش ئیسرائیلە، دریژە بە کاری خۆی ئەدا.
هەر بەیە ناکرێت ئەم لایەن و دەورە سیاسی و پراتیکی و تانەنانەت ئایدیۆلۆژیای حەماس لە پەیوەند بە خودی کێشەی فەلەستینەوە لە شیکردنەوەدا ببڕێتە دەرەوە و تەنها لە سەر بنەمای ئەوەی کە بەشێکە لە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئەم بزووتنەوەیە، کە خۆی وایە، هەبسەنگێنرێ.
بەڵام هەموو ئەمانە بەو مانایە نییە کە نە بەدەنگ بیەن لە بەرامبەر تیرۆریزمی حەماسدا و نە حەماسیش وەک سومبل و بەشێکی بزووتنەوەی ئازگاریخوازەنەی خەڵکی فەلەستین لە قەڵەمبدەین، چونکە زۆر بەسادەیی حەماس لەگەڵ ئەوەشدا کە دژی ئیسرائیلە، بەڵام ئەم نایخاتە بەرەی بەرنگاری هەقخوازانەی جەماوەری خەڵکی فەلەستینەوە بەکەوە وەک خۆی ئەمێنێتەوە، واتە ئەوەی کە حەماس ئەوت و ئەکخراوکی کەنەپەرستی ئیسلامی سیاسییە لە پەیوەندیدا بە بەرنگاریی خەڵکی فەلەستینەوە دژی ستەمی نەتەوەیی ئیسرائیل لە سەریان. بەم هەیشەوە، هەتا ستەمکاری ئیسرائیل هەبە بە دژی فەلەستینیەکان ئەم ئەوتەش ئەتوانی لەسەر ئەم ستمکاریە بژی و گەشە بکات و لە هەمان کاتدا وەهەم پەرەپێبدا لەنەو جەماوەری ناڕازی فەلەستین و خەڵکی ناڕازی وەاتانی ئەژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەوەی کە حەماس لە بەرەی بەرنگاری خەڵکی فەلەستینە.
هەندەک کەشیان لەگەڵ ئەوەدا نییە کە حەماس پێناسە بکرێت وەک ئەوت و حزبەکی کەنەپەرستی ئیسلامی سیاسی بەڵام لە هەمانکاتدا پاکانەی بە ئەکەن و دەڵین نوێنەری خەڵکی ستەملیکراوی فەلەستینە دژی ئیسرائیل و هەر بەو پێیەش وای دائەنین کە کردەوەی سەربازی و تیرۆریستەکانی و ئایدیاەکانی بەشەکن لە بەرنگاریی هەقخوازانەی خەڵکی فەلەستین. دیارە ئەم جۆرە بۆچونەش کەوتنەدوای ئەو وەهمەیە کە حەماس ئەیخەڵقێنێ.
هەروەها ئەو ئەوتە بەناو سۆشیالیستانەی کە لەئەسەدا باڵی چەپی ناسیونالیزمی عەرەبیین، لە وەاتانی ئەژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەبجارە هەموو ئایدیاە سۆسیالیستی و ئینتیرناسیونالیەکانیان لە ژێرپێ ناوەوە، و حەماس بە سومبلی بەرنگاری ئازادیخوازانەی خەڵکی فەلەستین ئەناسێنن و بەرگری لەدەکەن و هەموو سنوربەندیەکی چینایەتی کریکاری و سۆشیالیستیان سیوتەوە لەنیوان خەیان و حەماسدا، و نەک هەر بوونەتە ناسیونالیست بەڵکو بوونەتە ئیسلامیش.
خەباتی جەماوەری چەوساوە و ستەملیکراوی خەڵکی فەلەستین شایستەی هەزکی بەرنگاری ئازیخوازانە و ئینسانی و ئینترناسیونالیستییە،

هیزەک کە لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسی و بورژوا ناسیونالیزمی فەلەستینیدا ڕاوەستابێت لەهەمان کاتدا کە خەباتی بۆ دژی دەسەڵاتی بورژوازی ئیسرائیل و ستەمکاریکانی ئەم دەوڵەتە بەردەوام ئەبات.

ڕاوت: جیۆپۆلیتیکی سیاسیی ناوچەکە و قوتبەندییەکان چ ڕەهەندێکیان هەیە لە ئاستەکردنی ئەم جەنگ و ململانێیەدا؟

موئەیەد ئەحمەد: بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەم جەنگەی لەئارادیە جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس و لایەنە سەربەخۆکانە، بەڵام هەروەک ئەبینیین، ئیسرائیل درێژکراوەی هێزی ئیمپریالیستی ئەمریکا و وڵاتە ئیمپریالیستە ڕۆژئاواییەکانی هاوپەیمانییەتی و بەکردەوە ئەمە ڕەنگیداوەتەوە لەم جەنگەدا. هێزەها، حەماسیش بەهرەمەندە لە هاوپشتیی ڕاستەخۆی ڕژێمی ئیسلامی ئێران و هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا و بەشێکە لە بەرەی بەرەنگاری (جبهة الممانعة) کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران سەرکردایەتی ئەکات و حزبوڵا و ڕژێمی ئەسەد لە سوریا و حزب و هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی عیراق، تیایدا گردبونەتەوە. هەرچەندە لە ئێستادا چین و ڕوسیا دوورە پەرێزن لەم جەنگە بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران پەیمانی ستراتیژی سەربازیی هاوبەشی هەیە لەگەڵ کەمپی ئیمپریالیستی ڕوسیا و چیندا.
سەرباری ئەمانە، ئاشکرایە کێشەی فەلەستین قوڵایی و کاریگەریی ناوچەیی هەیە لەناو وڵاتانی عەرەبی و ڕژهەڵاتی ناوەڕاست و جەماوەری ئەم ناوچەیەدا. ئەبەتە ئەم کاریگەرییە ناوچەییە لەوسووڵ نەهاتووە کە بەسروشتی لە جیهانی ئەمڕدا کێشە لەکاێەکان، بەهێی تۆندوتیژبوونەوە و بەرینبوونەوەی جەمسەرگیرییە جیهانییەکانەوە، بە ئاسانی ئەبنە کێشەی جێ سیاسی و ستراتیژی ناوچەیی و تەنانەت جیهانیش، بەڵکو بە هۆکاری ئەوەیە کە خودی کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بۆخۆی لایەن و قوڵایی جیهانی و ناوچەیی هەیە، و لە ئێستادا ئەم کارکتەرەی لەهەر کات بەهێزترە، یان ڕوونتر بەڵێم کێشەی فەلەستین لە ئیستادا بە چۆپێی ئەم کارکتەر و لایەن و قوڵاییە جیهانی و ناوچەییەی لە خۆدا عەکس کردەتەوە.
هەردوو ئەم کەمپە جیهانی و ناوچەییە لە ساتەکان و ئۆگرەکانی پەرەسەندنی ئەم جەنگەی ئیستای ئیسرائیلدا ئەژین لە غەززە، و ئیسرائیل هەر لەسەرتاوە ڕایگەیاندووە کە لەحاڵەتی جەنگدایە وەک دەوڵەتێک، و بەسروشتی ئەم جەنگە هەڵگری ئۆگەری بەرین بوونەوەیە لەناو خۆیدا. سەرباری ئەمانە، ئەم جەنگە جگە لەوەی لە بارودۆخی

هەرشی سەربازی حەماس و پەرچەکرداری ئیسرائیل و کوشتوکوشتارکانی ئیسرائیل بەدژی فەلەستینییەکان هەڵگیرساوە، بەڵام بەخێشی ئاکامی شکێگیری هاوکێشە و جەمسەرگیری ناوچەیی تازە و پەرسەندنی کێبڕکێی جیۆ سیاسی و ئابووری نێوان چین و ئەمریکا بووە، مەبەستم پرسەی سروشتیکردنەوەی پەیوەندی نیوان ئیسرائیل و هەندی لە وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەت ئۆگەری سروشتیکردنەوەی پەیوەندی نیوان سعودیە و ئیسرائیل و تۆندوتیژتر بوونەوەی کێبڕکێی نیوان ئەمریکا و چین لە ئاستی سیاسی و ئابووری و سەربازیدا لەوانە بەیاری کێبۆنەوکانی (ج ٢٠-G20) لەسەر ئاکشانی خەتی دەریایی و زەمینی لە هیندستانەوە بە سعودیە و ئیسرائیل لەبەرامبەر خەت و پشتێنەی ستراتیژی ئاوریشمیی چین کە بە کێنداو و عیراق و تورکیادا تێدەپەڕێت.

شێقاندن و تێکدانی ئەم پرسە سیاسی و ستراتیژە ئابووریانە و گۆڕینی بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی ئێران و درێژکراوە جیهانی و ناوچەییەکانی لەیگەی هەرشی سەربازی و کاری تیرۆریستی و میلیتاریزەکردنەوە، پەدچێت ئامانجێکی گرنگ و پەیایەخی ئەم هەرشە سەربازیەی حەماس بوو بەسەر ئیسرائیل کە بەهاوبەش لەگەڵ ژەمی ئێراندا بەیوچووە. ئەوەی کە چەند ئەمریکا و ئیسرائیل بە ئەشکرا دانبەوەدا نانێن ئێران دەستیهەبووە لە هەرشەکەی حەماسدا، لەبەر هەکاری ستراتیژی دیکەی خەیانە، و لەو واقعە ناگەڕێ.

ئەوەندەی باسکە لەسەر پەیوەندی کۆشەی فەلەستین بەت بە ژەمی ئیسلامی ئێرانەوە دەبینین کە بە جمهوری ئیسلامی ئێران مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە فەرمی کۆشەی فەلەستین چی بەسەردێت، و پەیوەندی نیوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل نورماڵ ئەبێتەوە یا نابێتەوە، هەرچەندە ئەمە زەر گرنگە بەی کە ڕووندات، بەڵکو مەسەلەی سەرەکی بە ئێران ئەوەیە کە زەرورە کۆشەی فەلەستین هەردەم گەرم بێت و بەردەوام بێت تا بەکاریبهێنی بە چەسپاندنی پایەکانی خەی لەبەرامبەر جەماوەری ناڕازی ئیراندا، وە کاتیکیش چارەسەربە لە دەرەوەی ویست و ئارەزووی ئەم ژەمە، ئەیەویت بە شیوەیەک بێت کە بەی بەسوود بێت.

بەهەی سەرجەم ئەو فاکتەرانەوە کە ئاماژەم پێدان، هەم ئەم جەنگە کارەکتەری جیهانی و ناوچەیی هەیە و هەم پێتینسی و ئۆگەری بەرین بوونەوەی لە ئاراداید.

ڕێوت: گەرسەرنج بدەین ئەبینین کە کاریگەری حەماس و بەرەی بەرنگاری لەسەر کۆشەی فەلەستین سنوردارە و ناکۆکی خەی هەیە، ئای تە چیە لەم بارەیەوە؟

موئیەد ئەحمەد: دروست وایە، کاریگەری حەماس و بەرەی بەرنگاری لەسەر کەشەی فەلەستین سنووردار و پرۆبلەماتیکە. ئەوە ڕوونە کە دژایەتی حەماس و حزبوڵا و ژمارەیەک لە ئیسلامیستەکانی ئێران بەرامبەر ئیسرائیل ناتوانی ئەو کاریگەرییەی هەبێت لە قۆناغی ئێستادا بە نموونەی کاریگەریەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی لەسەریان لەدیکانی سەدەی ڕابردووەوە، هەربۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم قۆناغە ئیسلامییە لە دژایەتیدایە بەرامبەر ئیسرائیل، بەڵام ئەم دژایەتییەی لە دەروەی پەداویستیەکانی خەڵکی فەلەستین و دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی فەلەستینییە کە لە ئاکامی پەیمانی ئۆسلۆوە هاتۆتەئاراوە، و ئەجندە و پڕاتیکی ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە ناتوانێ ببێتە ڕابەر و سومبلی چارەسەری کێشەی فەلەستین.
لەم ڕاستایەدا ئەبینین، بەرەی بەرنگاری نەیتوانیوە لە کێشەی فەلەستیندا وەک کێشەیەکی واقعی کە دەرگیری خەڵکی ستەملیکراوی فەلەستینە و پەیوەندیکی ئۆرگانیکی هەیە بە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبیەوە و بەشێک بووە لە بزووتنەوەی دژی کۆلۆنیالی و دەسەڵاتی هێزە ئیمپریالیستە ڕۆژئاواییەکان، ڕۆل و کاریگەریی هەبێت. بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و تایفەگەری شیعی ژمارەی ئێران و حزبوڵا و هەڵوێستەکانی دەوروبەریان لەبەرەی بەرنگاری، نە ئۆسلۆفۆسلیان و ئامانجی ستراتیژیان دەتوانێ لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی جەماوەری فەلەستین و نە بەشێک بوون و هەن لە بەرنگاری هەڕەشەکانی جەماوەری خەڵکی ناڕازی و ستەملێکراو لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دژی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا.
گەر بزووتنەوەی بورژوا ناسیونالیستی عەرەبی فەرمی لەناوبردنی پڕۆتینسی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی خەباتی جەماوەری کریکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بواری خەباتیان بە دژی سەرمایەداری ئیمپریالیزم، ئەوا بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی وەک هاوپەرستانیان بە ناکامیەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی و لەباربردنی هەوڵ و تێکۆشانی جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ئەم وڵاتانەیە، لە فەرمی فاشیزمدا. هەر بۆیە هیچ پەیوەندیکی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئەم وڵاتانەوە نییە، بەڵکو لە بەرامبەریدایە. لە ئیستاشدا نە حەماس و ژمارەی ئێران، و نە هیچ هێز و حزبێکی ئیسلامی سیاسی ناتوانێ پەیوەندییەکی ئۆرگانیک پەیدا بکات بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی جەماوەرەوە بە ڕزگاربوون لە ستەمی نەتەوایەتی و هەڵواردنی نژادی دەوڵەتی ئیسرائیل.

(بزووتنەوەی بەرژوا ناسیونالیستی عەرەبی و ئەم بزووتنەوەیە لە کارتی ڕژاوادا کیانکی ئیداری و دەسەڵاتی سیاسی هەیە. نە ئێران و حزبوڵا و نە حەماس ناتوانن ئەم جۆگەیە ئاوگەر پێبکەن، و بەر بەو بگرن کە بزووتنەوەی بەرژوا ناسیونالیستی فەلەستینی چاوی لە وڵاتانی عەرەبی بێت بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین. هەروەک وتمان بۆ ئێران مەسەلەی فەلەستین مەسەلەیکی ستراتیژی سیاسی ژیئۆپۆلەتیکی و پەیوەندیکی میکانیکی و دەرەکی هەیە بۆ کێشەی فەلەستینەوە، ئەویش لە ئاستی جیۆ ستراتیژی و سیاسی و ئیدیۆلۆژیدا و لە پەیوەندیدا بە بەرژەوەندیکانی دریژەدان بە خەی لە ناخی ئێراندا.

ڕووت: حەماس و بەرەی بەرەەستکاری ئیسلامی و جیهادییەکان دڵنن، دەورانی بەهێزی عەسکەری و توانای موخابراتی ئیسرائیل بەسەر چوون، ناتانیاهۆش دڵنیت، دەرگای جەهەنمیان بە خێیان کردەوە و دەبێت سزای ئەم کردەیان وەربگرنەوە، شێ و کوشتار بێشوویەکی زەر نائینسانی درێژەی هەیە، پێشبینی ئەوە بە ئایندەی ئەم جەنگ و جوگرافیای ئەم ناوچەیە بکەوە دەگات؟

موئەیەد ئەحمەد: حکومەتی ناتانیاهۆ و سەرجەم دامودەزگای دەسەڵاتداری بورژوازی ئیسرائیل تووشی تیکشکانکی سەربازی و ئاسایشیی و سایکۆلۆژی گەورە بوون بەهەی هەرشە سەربازیکەی حەماس و کارە تیرۆریستکانی، و ناتوانن لە ڕۆگەی ئەنجامدانی تاوانکارییەکیان لەغەززە قەرەبوی بکەنەوە، دەخکە بەرنەوە جۆگەی پێشوی خێ.
هەروەک ئاشکرایە بەهەی ئەم ڕوداوە سەربازییانەوە هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، و وەک ئاماژەم پێدا، تۆگەرەیکی گەورە هاتۆتە سەرەی پرسەی سروشتیکردنەوەی پەیوەندی نیوان سعودیە و ئیسرائیل. هەروەها جەماوەری نازی لە وڵاتانی عەرەبی کە تووڕەیی لەم قەسابخانەیەی کە لە غەززەدا ئەکری خەریکە دۆتە دەنگ لەبەرامبەر ژیئۆکان و بە دەنگیان و هیچ لە کاردانەبوونیان لەبەرامبەر کوشتوکوشتاری ئیسرائیل بە دژی فەلەستینیەکان و خەکی غەززە. و تانانەت ژیئۆمی ئێران و حزبە دەسەڵاتدارە ئیسلامییەکانی عەراقیش لەبەردەم ناڕازایەتی خەکی هەردوو ئەم وڵاتەدان و هەوەست و کرداری ئۆپۆرتیونیستییان بوتە جۆگەی ڕەخنەیان.
لە ئاستی نوونەتاوەییدا، و بەتایبەت لە ناو وڵاتانی ئەروپا و ئەمریکادا، ئیسرائیل کەوتۆتە بەردەم لەشاوی تۆمەیی حزب و هێزە

سوشیالیست و ئازادیخوازەکان و بەشێک لە نەقابە و فیدراسیۆنە کرێکارییەکان و هتد. ئەم هاستایشدا بەردەوام خەباتی ئەکرێت بۆ دژی تاوانکارییەکانی ئیسرائیل و هاوکاریی حکومەتەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆ. لەگەڵ هەموو چەواشەکارییەکانی ئەم دەوڵەتە ڕۆژئاواییانە و میدیاکانیان و پشتگیریان بۆ ئیسرائیل، بەڵام تای تەرازویی هتد هەر هەڕەزیاتر ئاشکیتەوە بۆ لای فەلەستینییەکاندا.
لە وەڵامی ئەوەی کە ئایندەی ئەم جەنگە بەرەو کەی دەراوت، سەرەتا پەویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە ئەم جەنگە ئالقەیکە لە هەوەندەکی سیاسی و ستراتیژی سەربازی هەمەلایەنەتر و بەرین تر کە پشت ئەم جەنگە لێئارادا بووە، هەربۆیە، هەر پەرسەندن و بەرین بوونەوەیکی ئەم جەنگە لەسەر بنەمای ئەم هەوەندە هەمەگیرەوە دەتە ئاراوە. ئەوە ئاشکرایە ئەمریکا هەر لەیەکەم ڕۆژەوە هاتووە بەهانای ئیسرائیلەوە و دوو کەشتی جەنگی لە (دەریای ناوەراست) جەگیر کردووە و لە (دەریای سور)یش کەوتوەتە جووڵە و خەئامادەکردن. ئەوەش فاکتیکی ڕەشنە کە کەشتی ئیسرائیل و فەلەستین قوڵایی ناوچەیی هەیە و هەموو کارەکی سەربازیش لەوانە ئەو جەنگی ئیستا لە غەززە بگومان قوڵایی ناوچەیی پەیدا ئەکات.
گەر بەدیاریکراوی دەستنیشانی بکەین، ئەمە کەشتی فەلەستین و ئیسرائیل لەئاستی کەشمەکەشی دەوڵەتی و جیۆ پۆلیتیکسدا، بریتییە لە کەشمەکەشی نیوان ڕژەمی ئیسلامی ئێران و بەرەی بەرنگاری و پاپشتە نەودەوڵەتییەکانیان کە چین و ڕوسیایە لەلایەک، و دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەمریکا و هەزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا، لە لایەکی ترەوە. لەم بوارەدا هەتا ئێستا وەتانی عەرەبی کەم تا زۆر یان لەگەڵ ئێراند هاوپەیمانن وەک سوریا و یەمەن و عیراق، یان لە پرسەی نورماڵیزەکردندان لەگەڵ ئیسرائیل و بەدەنگن.
پەرسەندنی ئەم جەنگە وەک جەنگیکی ناوچەیی بەڕاستەوخۆیی و سەرەتا ئەم دوو لایەن و جەمسەرە ئاگرەتەوە. بە ئەمریکا، ئیسرائیل تا ڕادەیەکی زۆر بنکەی ستراتیژییەتیی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، و پەرچکردارەکانیشی بریتیە لە بەرگریی بە ئەملاولا لە ئیسرائیل. لەم پەرچەکردارانەی بە ئاشکرا دیارە کە چەلکردنی سەربازی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست تەنها وەهم و چیرەکیکی دوور لە ڕاستی بوو، و لەم جەنگەدا دەرکەوت کە ئەمریکا نەک هەر بەرگریکردن لە ئیسرائیل بەئەندازە گرنگ بێ، بەڵکو چەسپاندنی نفوزی سەربازی و جیۆپۆلیتیکسی و جیۆ-ئابووری خێی لەم ناوچەیەدا ئەولویەتی ستراتیژییەتی.
بارودۆخەکە ئاماژە و ئاگەرکانیش هەمەجۆرن، بەڵام ئەوەی گرنگە

جەختی لەسەربکەین ئەوەیە کە زەمینەی ماددی و پرسەی هەمەگیرتر کە لە جەرگەیدا سەرجەم ئەم کەشمەکەش و جەنگ و تەکتولۆ سیاسی و سەربازیانە لەم ناوچەیەدا و تەنانەت ئەم جەنگەی غەززەش بەرەوپێش ئەچن، پەرسەندنی ناکۆکییەکانی سەرمایەداری ئیمپریالستیی سەردەمە. ئەم زەمینە ماددییە و ئەم پرسەیەیە کە کەشمەکەش و مەسەلە چارەسەرنەبووەکان لەهەناوی خۆیدا هەرس ئەکات و فورم و کۆنتەکستی تایبەتی خۆی بەسەریاندا زاڵ ئەکات. کەشەی فەلەستین بە خۆی کەشێکی واقعی و میژووییە و کارکتەری دیاریکراوی خۆیی هەیە، بەناو ئەم کارکتەرە لەکاڵی و تایبەتمەندییانەی ئەم کەشەیە لەسەر بنەمای سەرمایەداری سەردەم و ناکۆکی و کەشمەکەشی کوتلە ئابووری و سیاسی و سەربازیەکانی و پەنا چەهانی و ناوچەیەکانیی و شەڕ و کەبەکەکانیان لەسەر ناوچەکانی نفوز و هیژمەنی نیوانیان بەناوی ئەچێ و مەرکی ئەمانە لە خۆ ئەگرێ.
گرنگ نییە بە ئەمریکا چەند ژەمی ئەران کەشەی فەلەستین بکارئەهێنی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئیستادا و کەشمەکەشی لە بەرامبەریدا لەرەوە نییە، بەڵکو لەوەیە کە ئەران ئەیەوێت ئیسرائیل لاواز بکات و زەربەی لێبدات کە بنکە و دریژکراوەی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. ئاشکرایە بە هەمووان کە جمهوری ئیسلامی ئەران بە خۆی لە هەل و مەرج و بارودۆخێکی جیهانی و ناوچەیی تردا، هەبژاردەی ژئاوا بوو کە ببێتە جێنشینی نیزامی شای ئەران و جیگەی لەناو سیستمی نیودەوڵەتی بورژوازیدا بۆ کرایەوە لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی ژئاواوە لەکاتی شۆڕشی ١٩٧٩ ئەراندا.
ئەو کاتە بەهەبەستی خنکاندنی ئەو شۆرشە و ڕێگریی لە پەرسەندنی و بەهێزبوونی بەرەی سۆشیالیستی لە جەرگەیدا، وە لە ئیستاشدا کە ژەمی ئیسلامی ئەران لەبەرەی چین و ڕوسیادا نیشتەتەوە و خۆی ڕاگرتووە، هەر لەسەر بنەمای پەرسەندنی ناکۆکییەکان و ئاژیەکانی سیستمی ئیمپریالیستی جیهانی ئەمەیە کە ئەتوانی جگەوڵگەی هەبێت. هیچ یەکێک لە لایەنە دەوڵەتیی و ناوچەییەکانی دەرگیر لەم جەنگەی غەززەدا ناتوانن لەو یاسایانەی کە بەسەر ئەیەو و پرسەی ئەم ناکۆکی و ململانێیە جیهانیانەدا زاڵە دەرچن. ئەوە پرسەی زەر واوتر و بەرینترە کە هەموان لە نوێدا ئەتوانن شەڕ بکەن و ئەم کارەساتانە بە سەر ئینسانییەتدا فەڕز بکەن.

ڕەوت: هەر وەک ئەبینین لە ئەوروپا و تارادێکیش لە ئەمریکا حزب و ڕێکخراوە سۆشیالسیستی و ئازادیخوازەکان و تەنانەت بەشێک لە فیدراسیۆنە کریکاریەکانیش خاوەن هێزەست و کردارن لە بەرامبەر کیشەی فەلستیندا. بە ڕای تۆ ئەم دیاردەیە بە چی دەگەڕێتەوە؟

موئەید ئەحمەد: بەهای ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل و سیاسەتکانی لە بەرامبەر فەلەستینیەکان و وڵاتانی عەربیدا هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە تائیستاش درێژەکراوەی بەرژەوەندیە ستراتیژی و جیۆ سیاسی و جیۆ ئابووریەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بەریتانیا و هەڵە ئیمپریالیستیەکانی تری ڕۆژئاوایە، بزووتنەوەی سۆشیالیستی و کریکاری و سەرجەم هێزە ئازادیخوازەکانی ناو ئەم وڵاتانە بە سروشتی دەرگیری ئەم کۆشەی نیوان ئیسرائیل و فەلەستینەکانن بە ڕاستەخۆیی لەناوخۆی وڵاتانی خۆیاندا.

کێشەی فەلەستین و ستەمکاریەکانی ئیسرائیل بە دژی فەلەستینیەکان بۆشیکە لە کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو خۆی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا، و هەردەم لەبەرامبەر ئەم کێشەیە و هێوداوەکانی لە فەلەستین جەماوەرگیری فراوان دروست ئەبێت دەربارەیان. بۆشیوەیەکی گشتی سۆشیالیستەکان و کرێکارانی پێشکەوتنخواز و هێوتی ئازادیخوازیی لەم کۆمەڵگایانەدا، بەپلەی جەراوجەر لە پێگیری، هێوەست و سیاسەتی پشتگیریی لە فەلەستینیەکان و خەباتی هەقخوازانیان ئەگرنەبەر، و داوای کۆتایهینان بە سیاسەتی ئاپارتایدی نژادی ئیسرائیل و سیاستە کۆلۆنیەکانی ئەکەن و داوای چارەسەری عادلانەی کێشەی فەلەستین ئەکەن.

هەر لەم ڕاستایەدا، هێوت و هێکخراوە سۆشیالیستەکانی ڕۆژئاوا بەگشتی هەم لەباری تیوری و هەم لە باری سیاسیەوە نزەر و پلاتفەرم و هێوەستی هێکخراویان هەیە دەربارەی ئەم کێشەیە و شیوەی چارەسەرکردنیی. هێوەستی جیاواز لەم هێوە لە ناویاندا دیاردەیەکی بەرچاوە، و ئەوەندی من ئاگادر بم، ئەوە ئەبینم کە بۆشیک لە هێکخراوە مارکسیستەکان چارەسەری کێشەی فەلەستین گرێ ئەدەنەوە بە بەرپابوونی شۆڕشی سۆشیالیستی لە تەواوی ناوچەکەدا و بە دروستبوونی دەوڵەتێکی سۆشیالیستی لە سەرتاسەری فەلەستیندا کە بۆشیک بەت لە کۆنفیدراسیۆنێکی سۆشیالسیتی ناوچەکە، و ئەمەش نەک هەر تەنها وەک ئایدیالێکی دەخواز بەڵکو وەک چارەسەرێکی کرداری ئیستایی ئەبینن و بەتاکە هێگای ئەناسن کە بتوانێ چارەسەری ئەم کێشە ئاڵۆزە بکات، و تەنانەت دروستکردنی دوو دەوڵەتی بە سیاسەت و تەواوینێکی یەفەرمیستی ئەبینن.

تەیفێکی تر لە هێکخراوە شۆشیالیستەکان باس لەچارەسەری سیاسی ئەم کێشەیە ئەکەن لە چوارچیوەی ئەوەی مومکنە لە نیزامی سیاسی بورژوازی نەودەوڵەتیدا و داوای دروستبوونی دەوڵەتیکی سەربەخۆ بە فەلەستینیەکان ئەکەن کە بە تەریب لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەساتی تەواوی هەبێت.

ئەم هەڵوێست و نەزرە سیاسییانە دەربارەی کێشەی فەڵەستین هەر بە ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئەم هێڕشکەرانە سۆشیالیستانە ئینتەرناسیۆنالیستن و لە بەرامبەر کێشەی فەڵەسێندا هەوەستە ئەنوێنن، بەڵکو بە ئەوەش ئاگادارتەوە کە ئەم هەوەستانیان بەشێکە لە خەباتی ناخێی لە وڵاتەکانی خۆیاندا بە دژی بورژوازی دەسەڵاتدار کە بە هەمەلایەنەیی بەرگری لە دەوڵەتی ئیسرائیل و ستەمکارییەکانی ئەکات.
پەلەکی چینایەتی بورژوازی و هێز و حزبەکانی دەسەڵاتدار لەم وڵاتانەدا هەر لە کۆنسێرڤەتیق و لیبراڵەکان و نیوفاشیەکانیانەوە هەتا سۆشیال-دیمۆکراتەکان لە بەرامبەر هەڵوێست و سیاسەتەکانی سۆشیالیستەکاندا هەمیشە یەکگرتوون و بەرگری سەرسەخت لە ئیسرائیل و سیاسەتەکانی ئەکەن.

هێز: کەتایی هاتن بە ستەم لەسەر فەڵەستینییەکان ئیمکانی هەیە لەم هەلومەرجەدا؟ لە کورت ماوەدا، خەڵکی فەڵەستین پێویستە چی بکات، و لەدور مەوداش هێگای کەتاییهێنان بەم چەوسانەوەیە چۆن دەبینی؟

موئەیەد ئەحمەد: لە ڕاستیدا کێشەی فەڵەستین زۆر ئاڵۆزو پر لە تەعقیداتە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هەر وەک مارکس ئاماژەی پێداوە "ئینسانییەت کێشەیەک ناهێنێتە بەردەمی خۆی کە پێشتر توخمەکانی چارەسەریی لەگەڵ خۆیدا نەهێنابێ". چارەسەری ئایدیاڵ هەر وەک هەندێک لە سۆشیالیستەکان دەریان بڕیوە چارەسەرە لە دیدگای سۆسیالیستی و شۆرشی سۆشیالسیتیەوە لە ناوچەکە و سەرتاسەری فەڵەستین و ئیسرائیلدا، شۆرشیک کە ئینتەرناسیۆنالیستی بێت و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەشی پرۆلیتاریای ناوچەکە بەرەوپێش بچێ و بتوانی دەوڵەتکی سۆشیالسیتی لەسەرجەم فەلستین و ئیسرائیلی ئیستادا دابمەزرینی و بەشێک بێت لە فیدراسیۆنی دەوڵەتە شۆرایی سۆشیالیستەکانی ناوچەکە.
ئەم مەسەود و بەرنامە سۆسیالیست و ئینتەرناسیۆنالیستیە پرۆلیتاریایە کە ئەبە بەردی بناغەی هەر سیاسەتکی بێت لەبەرامبەر چارەسەری کێشەی فەڵەستیندا و تەنانەت لە بەرامبەر پرۆژەی دوو دەوڵەتیشدا.
سۆشیالیستەکان بەدوای وەهمی ڕیفەرمیستی دەوڵەتی بورژوازیەوە نین، بەڵام کێشەی فەڵەستین و کارساتکی ئینسانی کە لە ئاکامی ئەم کێشەیەوە هاتۆتە ئاراوە و فێزبووە بەسەر فەڵەستینییەکان و خەڵکی ئازادیخوازی ناو ئیسرائیلدا، ئەوە ئەخوازی کە هەرچی زووتر

چارەسەرکی بۆ پاڵەی بۆ بەدەرکتووە. دامەزراندنی دەوڵەتکی سەربەخۆی سیاسی کە تەواوی دەسەاتی سیاسی بدرێتە دەست جەماوەری فەلەستین بەیار بوو ئاکامی پرۆژەی ئاشتی نیوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان بێت کە لە پەیمانی ئاشتی ئۆسلۆوە لە سالی ١٩٩٣ واژەکرا. دیارە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ نەکرا و هەتا هات ئیسرائیل سیاسەتی فراوانخوازی خۆی پەرەپێدا و بە کردەوە تێکی شکاند.
سەرباری ئەمەش ئەم پرۆژەیە لە بارودۆخی تەرازوی هێزی چیانیەتی کەمگەی فەلەستینیدا یانی دەسەاتی فەلەستینی ئیستا لە کێناری ڕۆژاوادا حوکم ئەکا و ڕێکخراوی ئازادی فەلەستین هێزی سەرکیەتی.
دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە فەلەستین کە وەک ئیسرائیل بەهرەندە بێت لەدەسەادارێتی سیاسی زەمینە ئەخەلقێنی کە ئەم کاراستە خێیناویە بەر پێبگریت و ستەمکاریەکانی ئیسرائیل لەسەر فەلەستینیەکان ڕابگرێت، و فەزا ئەکاتەوە تا خەباتی هاوبەشی چینایەتی پرۆلیتاریای فەلەستینی و ئیسرائیلی لە بارودۆخی دوور لە ستەمکاری قەومی بەرەوپێش بچێت. ئەم دەوڵەتی دەخوازی کەمینستەکان نیە، بەڵام بەو ئەندازەیەی کە بتوانێ بەربگرێت بەم شێوەلە بەردەوامی خێنەڕێی لە فەلەستین و ئیسرائیلدا، و زەمینەی بەرەپێشجوونی خەباتی سۆشیالیستی و ئینترناسیونالیستی پرۆلیتاریا فەراهەم بهێنی ئەتوانرێ جگەی پاپێشتیی کەمینستەکان بێت لە بواری چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی و کێشەی فەلەستین لە ئیستادا.

25 ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

عیشق لەنێوزاد بەندییەوە تا شێپنهاوەر.. لەتیف بەوار

لەناو عەرەبدا شاعیر محەمەد ماغوت ئەو واقیعە ئازاراویەی کە مرۆڤی کەمگاکەی تیایدا دەژی دەشیعرێنێت و بە هەتاهەتایە لە

تەماری مژوودا وەك گواهیدانێك دەیهێنێتەوە، ئاوەتا لە قەسیدەی (فلسفة الحرمان)دا باسی فرمانڕەواکانی کۆمەڵگاکانی خۆی دەکات و دیوە ڕاستەقینەی نگوتراوەکەیان کەشف دەکات و نەبوونی ئازادی و ژیانی ڕاستەقینە بە بەکارهێنانی هەموو ئەم دەستواژەو زاراوانە بزر دەکات و وەك ئاوەی هەیانخێتانبین بە سەبەی شتەکان و شتەکانیان لە قەدەگەکردبین، ئەو ئاوها دەهێنتەوە:

لقد أعطونا الساعات وأخذوا الزمن ،،
أعطونا الأحذية واخذوا الطرقات ،،
أعطونا البرلمانات وأخذوا الحرية ،،
أعطونا العطر والخواتم وأخذوا الحب ،،
أعطونا الأراجيح وأخذوا الأعياد،،
أعطونا الحليب المجفف واخذوا الطفولة ،،
أعطونا السماد الكيماوي واخذوا الربيع ،،
أعطونا الجوامع والكنائس وأخذوا الإيمان ،،
أعطونا الحراس والأاقفال وأخذوا الأمان ،،
أعطونا الثوار وأخذوا الثورة ..

لەناو کوردیشدا شاعیر نەوزاد بەندی تەنانەت پەناگات بە دوای ڕەوانبێژیدا بگەڕێت تا جوانکاری زیاتر بە دیوی هونەریی کارەکانی ببەخشێت، هەندی لە بەهرەو توانایدا بێت بە وتارو چیرۆك و شیعرو نووسین.. دەربەین لەو نامەبوونەی گیانی دەکات لەناو ئەو واقیعەدا کە هەرگیز بە بڕی ئەو ناخۆن وەکو مرۆڤ، نەك تەنیا ڕەخنەو ساتیرەکانی ڕووەو دەسەاتە ، بەڵکو خواروخێچی وپێچو پەناکانی ناو کۆمەڵگاکەی وەکو کەسکی تیمارکار دەخاتە ڕوو و ڕووبڕووی هەموو چەوتییەکانیان دەکاتەوە بوونەتە هەی ئەم هەموو قەیرانە قوواڵانە، هەرچەندە لە کەتاییدا دەزانێت کە کەس چیدی گوێ لە وشە ناگرن و ڕەنگە هەر فشاری خوێنی خۆی پە بڕز بێتەوە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بە کەناڵەك و دەرچێیەك دەبینێت بە خۆ خاڵیی کردنەوە لە هەموو مڕاقە گوڕەو گچکەکان، بە ئەوەی بیر لە لەدەستدانی بەرژەوەندییەکان یان زووبر بوونی ئەم و ئەو بکاتەوە، ئەو ئاوها دەنووسێت:

بەزار نابن ،
ملیۆنە ساڵی تریش ،
لە تەکدانی گوزەران و
ئەدەب و هونەر و جوانی..
تەرنابن و ..بەزارنابن ..لە وڕانکردنی ئاوەدانیی..

تەر نابن و بەزار نابن ،
لە سەرەگرتنی سەدان هەزار گەنجی خەمبار و دەشکاو..
لە خنکانی سەدەهایان.. لە خە کوشتنی سەدان لاو..
* * *
بەهام ئەمە زەر بەزار بووین..
بەزار بووین لە زاراوەکانی دەستەات ..دەستە ..ئەنجومەن ..کەمپانیا .. حیزب .. تاوەری چەە و هەە..
شانە ..خانە .. بزووتنەوە..
ەەکخەر ..ابەر..
بەزار بووین لە ناوەکانی حوکمەت ..کابینە .. بودجە .. سروود ..پەەژە..
هەوالی قەەی بە پەلە..
لە ناوی سەرەک..
لە پەشگری فەخامەت..
لە پاشگری خوا بیههەە..
لە کادر و .. لە ئەندام و..
چالاکوان و پەرلەمانتار..
لە کەنان و بەژەر و ەاگەیاندن..
لە گومرک و لە نەوت..لە غاز

ئەم شاعیرە هەست ناکە دەشکاوە بە عەشقەکی ناکام، ئەستاش ئەو هەستەی یەکەم خەسەویستی هەر لە ناخیدا زیندووەو تەپەەینی رەژگارە سەخت و ئەمزموونە جیاوازەکان لە یادەوەریدا نەیسەیوەتەوە، هەر ئەو عەسقەیە داینەمەی جولەکانی ئەو و بەرهەمەکانی، ئەو عەسقەشە لە کەمەگەای ئادەمیزاد دابەنەراوەو جەنگ و کوشتار شوەنی گرتووەتەوەو بە بەدیدەی جیهانەوە کەرپەی ساوای بەتاوان دەکوژرەت و ئیمپیالیزمی جیهانییش ئاهەنگی خەشی بە دەگەەت.
ئەو لە ژمارە ۷۳ی ئاداری ۱۹۸۹ی گەڤاری (کاروان)دا شاعیر لە ژەر ناونیسانی (هەزانی خەشەویستیدا) لەگەە دەدارەکەیدا دەتە گەو وەکو هەموو عەشقیکی ناکام دوای لەکدابران کە چیدی یەکدی نابیننەوە، دەی هەوالی ونبون و گورگ و خەزانی پە دەدات و بەی دەنوسەت؛ دەدارەکەم ئەم ژووانە- دوا ژووانە- دواگفتووگەو دوابینینە.. تەش یادی من بکەوە وەك چەن من هەمیشە تەم لەیادە، تەنیا ئەو عەشقە مەعنەویەش بەسە تا پەی قوتار بین لە زوەمەتی دونیا، من یاد کەوە لە هەموو نەهامەتی و تەفانەکاندا چونکە ئەوەبوو ئاوەنەی راستەقینەی ژیانمان:

هەر کاتێك خەزان دەرکەوت و
گەڵای دارەکان هەوەرین
ئەو کاتە یادم کەوە..!!
هەر کاتێ گورگی ڕەشبا،
هەڵمەتی بۆ ژوورەکەت برد،
ئەو کاتێ یادم کەوە..!!

ئەم عەشقەی هەڵەتی لاوی و بێ ناکام گەیشتن، ئێستاشی لەگەڵدا بێت زیاتر دڕوشاندنەوە دەدات بە هەوەن و توخمە ستاتیکییەکانی ناو دەقەکانی و وا لێم دواییدا باسی ئەو عەشقەی زانکۆ دەکات و دوای کۆشە منداڵ و دووچاربوونی نەخشیەکی زۆر هەشتا دەی لە ترپەو لەدانداید بەی، بگرەئەو هەستە ڕەنگە هەکارەکی ئیجابی بێت لە مانەوە لە ژیانداو یادەوەرییەکانی ئێستاش ئاسوودەهەن بن بەی، بە ناڕ؟ مەگەر مرۆڤ هەمیشە چاوی لەدووی ئەو شتانە نییە کە نییەتی و هەوەی وەدەستهێنانیان دەدات؟ عەشقی ڕاست و پاك ئاوهایە، کە متمانەو تێگەشتن تێنانێت تاك و خانەوادەکان دەگەیەنێتە ترۆپکی سەرکەوتن کە هەمیشە میهرو خۆشەویستی بە ڕەنگینترین و ڕازاوەترین سیما دەیەازەنێتەوە، ئەو لەڕدا گەر لەگەڵ کەسکی تریشدا بدوێ و تیری مەبەستی ئاراستە بکات ، بەڵام هەشتا ئەوی غائیب لە ناو کانگای ئەندێشەو داهێنانیدا کەسەرسەیەکە کە نابێت ناوی نەهێنرێت و فەرامۆش بکرێت، وەکو ئەو هەڵماتانەی منداڵی کەیکردووەتەوەو پاراستوونی، ئەمۆش هەر وا بەشەك لە بوون و تەمەن و یادەوەری شاعیری داگیرکردووە، هەرچەندە لە تەشدا بێت هەر بیری ئەوی دەکەوێتەوە:

فرمێسک ئیش کا بێ تکاویی..
پیریی تا بێ ، تیری زیاتر با لێلاویی..
زانکۆ تا بێ دوورتر کەوێتەوە
جارێ لە جارێکیان…
بێ جارێ مەحاڵ بێ چاوم
بکەوێتەوە بێ چاوی..
گرنگ نییە هیچ کامێکیان..
گرنگ ئەوەیە تێ ماوی…

ئەم حاڵەتە لە شیعری (بریدا) شدا دووبارە خەی دوپات دەکاتەوە، ئەوی شاعیر هەمیشە شتێکی بزرکردووە لە شوێنگەلێك، هەمیشە دونیشی خشترە لەمە، بەیە بێ حسرەتەوە ئەمە لەیاد دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژە جوانانە، هەرچەندە ئەمجارە ژینگەکە تاراوگە بێت،

بەنام دیارە هەر ئەو ساتانە خەشتربوون ئەگینا مەلی خەیاڵی شاعیر هەنافەت بە ئەو دووراییانەو ئەرە لەیاد بکات، بەو مانایەی لاشە لەرەو گیان لەوە، بەشاییکیش لە منداە هەمیشە چاوەوانی پەبوونەوەیە..

بریدا..
ناوی تە تاوە بارانێک ، لە باشووری هەندارە ،
ئەخاتە ناو زەرفکەوە و
بەم ئەنگرە ..و ناگاتە من..
جەردەکانی کوردایەتی ،
ئەیکەنەوە ، بە دەلار و نەوت ئەگەڵن
*
دوای تەواو بوون
ناخم پڕە لەو کەسانەی
هیوادار بووم یەک قسەیان لەگەڵ بکەم ،
بوار نەبوو..
هیواداربووم یەک پیاسەیان لەگەڵ بکەم..
یەک چا..
یەک قاوەیان لەگەڵ بخەمەوە و..
کاتم نەبوو..
کاتیان نەبوو
وەک پەیی باڵندەیەکی نەناسراو ،
زریانی ڕەژگار بردنی..
زریانی ڕەژگار بردمی..

خەشەویستی مرۆڤ بە هەر شتێك بێت و لە هەر قەناغێکی ژیانیدا بێت ئەوا خەشەوستی پاك و باڵا دادەنرێت بە پاڵنەرێك بۆ سەرکەوتن و داهێنان ، وەك چۆن بیردۆزی <فیدروس> یش هەروابوو بۆ سوپایەك کە ئەگەرعەشقیان بۆ ئامانجکانیان هەبێت و خەشەویستی لە نەوانینادا بوونی هەبێت ئەوا هەر سەردەکەون، هەر خەشەویستیشە کە وا لە مرۆڤ دەکات خودی راستەقینەی دەربخات، وەك چۆن زانستی دەروونناسی دەریخستووە کە جارانێك تەکچوونی مامەڵەو ڕەفتاری مرۆڤ دەگەڵتەوە بۆ شکست و نەبوون و یان لەدەستدانی ئەو خەشەویستییە ، چونکە پەداویستیەکی گیانلەبەرانە کە مانای ژیانی پێ دەتە دی، ڕەنگە ئەمەش بێت وا لە هاشم سەراج بکات لیریا و فریباو ئەوانی تر بۆ کراسێکی شینی تەنکی ئاوداماندە لە شەودا ببینێت لەگەڵ یەکە لە فیلەسوفەکاندا لەگەڵی بدوێن و سەراپای تژی جوانی و حەز بکەن،

ئەمیە ئەوی نیمانە. بۆیە سوقرات وایدەبینێت ئەو عەشقەی نامانە و بەسەرچە ئەو راستەقینە نەبووە، خۆشویستی بە ئەوانیە نمانبووەو یان لە دەستماندا، ئەو بەختەوەری لە جوانی و چاکەدا کە دەکاتەوە، هەرچەندە فیلەسوفی رەشبینی ئەمانی (شۆپنهاوەر) وایدەبینێت کە خۆشویستی پەردەیەکە بە حەزەکانمان و وامان لەدەکات بەدیهەنانی بەختەوەریمان لە کەسی بەرانبەردا ببینینەوە، ئەمەش فەیکی سروشتە بە وەچەخستنەوەو بەردەوام بوونی کەمەگای مرۆقایەتی لەسەر گەی زەوی.
فەلسەفەی شاعیری بە ئەزموونیش نەوازاد بەندی بەجەرکە کە مادام هەموو شتە ماتریالیستەکان هەر دواییان دێت با عەشقکەمان بگوزینەوە بە مەیدانی ئایدیالیست و دنیای خولیاو ئەندێشەو شیعر، ئەوسا لەگەڵ یەکدا بە نەمری دەمێنینەوە، ئەمیە عەشقی مەجازی و پاکیزەی عاریفانی وەک خواجە حافیزی شیرازی و مەولانای رۆمی و بەخودو ...تاد
هەژەک کە نامەوە بەوا ... ئەو شیعرەی نەوزاد بەندیە کە دەی تیا بەندبووەو دەیەوێت کات ڕاگیربکات، ئەو لەڕدا بە رونی جەخت لەسەر ئەو راستیەی سەرەوە دەکاتەوە و دەنووسێت:

ئەو هەژەیشی کە من و تۆ
پێکەوە پیاسەیەک ئەکەین ،
وەک هەژەکانی تر ئەهەوا..
با ئەو پیاسەیە هەر نەکەین ،
ئەو هەژە خۆشە ، با نەهەوا..
ئەو کاتەی کە سەفەر ئەکەین..
لە کەناری دەریایەکا
لەگەڵ ئەوارە ، نان ئەخەین...
ئەویش ئەهەوا..
کە هەیشتیش ،
قەت ناپرسین کوا..
دە با ئەو سەفەرە نەکەین
ئەو نان و کەنار دەریایە..
ئەو ئەوارەیە ، با نەهەوا ؟
* * *
تەنها لە شیعرا دەرکەوە..
گەر بێت لوا

هەر هەی ئەم دیدگایەش، کە شاعیر خۆشویستیەکەی بە توخمەکانی

گەردوونەوە دەبەستەتەوە دەیانکاتە ملوانکەیەك بۆ گەردنی مەعشوقەکەی و گەر رۆژێك لە رۆژان بە یەکگەیشتن پێیدە بەخشێت، ئەو لە هەموو جوانی و دانبەان و ئەندێشەیەکدا (ئەو) دەبینێتەوە کە تەواوکەری بەشەکەی تری (من)ی شاعیرە، وشەو وێنەکان زۆر ئاسان نین بەڵام هەموویان پێکەوە میهرەجانەکی ئاهەنگ و واڵایان سازاندووە کە شاعیر ئەوی زەینی پێی پێ بردووە کردوویەتییە قوربانیی ئەو جوانترین شەوازی دەربڕینی ئەو بۆ خستنەڕووی هەست و سۆزو فام و دنیابینی خۆی.

کە باران هات پێی ئەڵێم ،
هەرچی کردووە ،
لێگەڕێ خۆی بمبا..
دڵنیام لێ دێ ، ئەتبینم..
کە بەفر هات پێی ئەڵێم ،
هەرچی کردووە ،
لە حەوشەکەمان خەمێک هەیبا ،
دڵنیام لێوە ، ئەتبینم..
تۆ..
لەناو باران و
بەفر و
درەخت و
شەقامە پاک و
ماکیاجکراوەکانای
تۆ..
لەناو شیعر و
چیرۆک و
فیلم و
دراما هەست بزوێن و
پڕ لە دابەانکانای

بۆ ئاوکراوەی نوێ\ بەو هێلانەدا تێپەڕیم.. کۆبەرهەمی شیعریی نەژاد عزیز سورمێ

لەم هێژانەدا دەزگای (فام) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، کۆبەرهەمی شیعریی شاعیر و هێژنامەنووس نەژاد عزیز سورمێ ی لە چاپکی ناوازە و جیاوازدا بەناوی (بەو هێلانەدا تێپەڕیم) کە بەشێك لە ناو و نیشانی قەسیدەیەکە و بە پێوانەی 13.5*21 سم و 688 لاپەڕە بڵاوکردەوە.
ئەگەر گوزەرێك بە نێو ئەم کۆبەرهەمەدا بکەین ، دەبینین شیعری ماوەیەکی دوورودرێژی مێژوویی لەخۆ گرتووە هەر لە ساڵی 1975ـەوە هەتا کۆتایی 2022. بەمەیش شیعری چەند سەردەمێکی جیاوازمان بەر چاو دەکەوێت. شاعیر ورد لە سەردەمە جیاوازەکان ئاماوە ، لەو ئامان و قووڵبوونەوەیەدا ، چەندان وێنەی شیعریی بەرچاو دەکەون، کە لە ژینگە و بارودۆخی جیاواز لە دایك بوون.
شاعیر، لە جیاتی نووسینی پێشەکی بۆ کۆبەرهەمەکەی، بە شیعرێك لەبارەی گەورەیی شیعر دەست پێدەکات، لەم شیعرەدا، کە کلیلی چوونە نێو کۆبەرهەمەکەیە، شکۆ و پێگەی شیعر لای شاعیر بەدەردەخات:

ئەی شیعر..!
ئەی دادەسی زەمانی بەدنیهادی؛
زەمانی ژەهر
زەمانی دژواری و
هەموو زەمانەکان..
ئەی شیعر..!
ئەی سیلەی هەموو ووگەکان..!
ئەوەتا دەمبینی وو لە تۆ دەکەم
هەموو کۆشك و باڵەخانە بەرزەکان
بە چواردا‌خکی تۆ نادەم..

ئەی شیعر.. سیلەی هەموو ووگەکان!
من لە هێژکی هەشانگی گوڕەی هاوین لەدایك بووم
تۆ نەبای ،
لە چزووی غەمزیەکدا دەمردم..

ئەی تەمەنی هەڵوەدا !
سیلەی ڕووگە و پەرستگاکان
دادەسی زەمانی بەدنیهادی..
ئەی شیعر… !
شاعیر لەو ماوە دوورودرێژەی شیعری تیا نووسیوە، لە هەموو قۆناغێکدا قسەی خۆی کردووە ، لە ئاوارەیی و دەربەدەری و دوورە وڵاتیدا. بەڵام کاتێ لە سەردەمی ئازادیدا، دەست لە بیناقاقای یەکتر دەنێین، تووە دەبێ و بێ ئومێدی و دەردەسەرییەکانی ئەو ڕۆژگارە وڵنا دەکات، لەو بێ ئومێدییەدا، دیسان پەنا دەباتەوە بەر شیعر. لەشیعری (باوەشکەکانی مەڕوو)دا، بێزاریی مرۆڤ لەو ڕۆژگارەدا وڵنا دەکات، هەقایەتی شەڕ و ناشیرینکردنی هەموو جوانییەکان و دروستکردنی دۆزەخ بە دەستی خۆمان، دەبینین:

لێوە بە بارەکان ژەهرن، کەف هەڵئەدەن
شەپۆلە ئارامەکان سەرشێتی هەڵیاندەلووشێ
ئەوە جارێکی تر منم لە چاوەڕوانی خۆمدا:
ئاسمانم بریندار..
ئەستێرەم نەوی..
خەونەکانم لە بڕخەوە هەڵدەکەنم.
ئەوە جارێکی تر منم
چۆنووك لە کەنارەکانم دەنێم
گڵنەکانم دەکۆڵم.
جارێکی تر منم؛
سنووری نیشتمانی ناو گریان و پێکەنینم
دەکۆشمەوە:
لە باکوورەوە: شەڕ
لە باشوورەوە: شەڕ
لە ڕۆژهەڵاتەوە: شەڕ
لە ڕۆژئاواوە: شەڕ
لە کۆپلەی کۆتایی ئەم شیعرەدا، بانگی شەهیدان و برسی و تینوو و هەنج بە خەسار و دڵشکاوەکان دەکات، بێ دەسکەوتنی ئاسودەیی بچنە لای شیعر، چونکە لە ناو نائومێدی و سەرزەمینکی بی هاوار و بانگدا ، تەنیا سێبەری شیعر ماوە دەستی بەڕێندەرانی شەڕ و هەتککەرانی مرۆڤایەتیی نەگەیشتبێت.
وەرن..وەرن!
هەر ئەو گۆشە بچووکە ماوە
هەناسەیەکی لێ ماب

قومه ئاوێك و
لەته نانێك و
دڵنەوایی و
زەردەخەنەیەکی تێدابێ.
وەرن بەکو ئاسوودەییەکتان
لە بانیژە چکۆلەکەی شیعر دەسکەوێتەوە..
وەرن… وەرن..!
با ئەوانیش،
لە بەر ئاستانەی سەدەی بیست و یەکەمدا
لەناو باویشکەکانیاندا بنوون…
هەروەها شاعیر ڕوئیای خۆی لە مەنەفستۆکدا دەربڕیوە لە بەشکی ئەو مەنەفێستە شیعریەیدا کە لە ساڵی 2004 دا بڵاوی کردووەتەوە و لە ڕووپەڕی بەرگی پشتەوەی ئەم کۆبەرهەمەدایە دەڵێ :
(… ڕەنگای هات و نەهات ، شکانەوەی هزر .. هەڵپەی تێهەڵــنانەوە …
ڕاکردن بەرەو ژیان ، بەرەو سەودای لاقــایی و
پیشەسازی حوسن و جەمال ..
ئاڵــوودە بوونی تاسە … ململانێی نەبڵاوە لەگەڵ زمان ..
ئەمانە سەدای زەنگەکە دەدەنەوە ، سپێدەدەمان بەوپەڕی ناز و ویقارەوە
شیعر لە خەوی پەمەیی جیا دەکاتەوە ..)
تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ : (ئەشکی خوێنین
بە سەراپای
سرووشتی بەستەزمان دێتە خوارێ …
نمەکگیریە کووڕە هەڵایساوەکانی شیعر
ئاسنی ساردیان پێ خوار بکرێتەوە ..)

هێکاری سەرکی نامانی موچڕ چییە؟.. جمال بارکی

بمبەخشن کە ئەم وشانەی لێرەدا دەیخوێننەوە ڕاستیەکانێ و لەدڵرگای دڕوونی زڕبەمان دەدات و ئیتر نازانم هەڵوەستەیەك دروست دەکات یان نا؟ ئەم وتانە ڕەنگە زۆر نەگوترابن و نەبیسترابن، چونکە

دڕگاکانی راگەیاندنی حیزبەکان بە بازاڕگەرمی خەیان هەر جارەو قەیرانەکمان پێ دەفرۆشنەوەو خەڵکی پەوە سەرقاڵ دەکەن.
ئاگەر لە من دەپرسن خەتای کێیە موچە نادرێت؟ من لە وەڵامدا دەڵێم: میللەت ... جاری دووەمیش دەڵێم: میللەت، جاری سێیەمیش دەڵێم: میللەت ئەنجا جوارەم جار دەڵێم: دەسەڵات... بەشتان دەسەڵمێنم کە وەڵامەکی ئاستە.
١- لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردووەدا چی نەما لە زوڵم و ناحەقی و گەندەڵیی کە سەرانی دوو حیزبی دەسەڵات پێی هەڵنەستن؟ ئایا کەس نەقی لەوەهات؟ بەکو لە بەرانبەردا لە لایەن زەرینەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدراو لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێ دەدرا، جا ئەو مارەی ئەوسا گەنجی کوردی ڕەمی دەکرد لە شەڕی ناوخۆدا ئەستا بوونە هەژدیها.
٢- ئەوانەی باج و خەراج و پارەی ئاوو کارەباو تەنکەرە نەوت و گومرگەکان و سەرانسەندن و تاد... کە دەکەنەوە بە سەرانی پارتی و یەکێتی کەن؟ مەگەر هەر ئەندامانی میللەت نین؟ هەر ئەوانە نین کە شەق لە مامەستا هەڵدەدەن کە ڕەمزی پەروەردەیەو مامەستای ئایینی لە زیندان ئەشکەنجە دەدەن کە مارەیی دایک و باوکی مەسئولەکانیشیان کردووە لە کاتی خەیدا؟
٣- لە کەی ملیۆنەك و چارەکەك موچە خۆری کوردستان کە دەکاتە یەک لەسەر چواری دانیشتووان، بە لایەنی زەرەوە دەڵێم تەنیا ٥٠٠هەزاریان کارەندی ڕاستەقینەن، ئەوانی تر تابووری پێنج وجاسووس و ماستاوچی ئەو دوو بنەماڵەیەن، بەشکیان ئەوانەن کە ریشەیان بەچارەنووسی ئەو دوو بنەماڵەیەوە گیربووە بە حوکمی ئەوەی شەهیدانەی مەردو کورەکانیان وەردەگرن کە ئەو دوو حیزبە بە کوشتیان داون لە ڕابردووەدا بە مەرامە گاوەکانی خەیان، واتە خوێن دەیانبەستەتەوە پەیانەوە.
٤- ئەم خاڵە لە هەمووی مەترسیدارترە؛ ئەویش ئەویە ببینن کە هەموو چینەکانی میللەت کاتەك باس هاتە سەر پارەو موچە ئەنجا دەنگیان لە بەرزبوونەوە، وەکو ئەوەی هەموو قەیرانەکان بەس لەوەدا ببینناەو ئاگەر موچە دابین بکرێت ئەوا با ئەو دوو دەسەاتە هەر بمێنێتەوە! ئەوەی کە بووە هەی دزینی موچە ئەو بە دادییە بوو کە یەکێتی و پارتی لەسەرەتای سەرهەدان و گەانەویان لە شاخ بە پەاوی لاستیکەوە کوتنە ئەنجامدانی، هەموو خیانەت و تاوانکیان کردو هیچ دادگایەك لەی نەپرسینەوە، هەر هەزارکیش تاوانیشی نەکردایەو دڕیان بە هەبەستایە ئەو دادگا لارو چەوتە گەورەترین سزای دەدا! ئەوان زەوی و زاری خەڵك و گشتیان داگرکرد کەس قسەی نەکرد، بوونە چاوساخی ئێران و تورکیا بە لەناوبردنی برا

کوردەکانمان لە ڕۆژهەڵات و باکور کەس هەڵگری لە نەکردن، ئەوەی ویستیان لە بووبە لە ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان و دەنگی ئازادی میللەت تیرۆریان کردووو کەس هەڵوەستی نەبووە، کەواتە ئێستا سەرۆی هەموو میللەتە وەکو ڕشۆڵاخ ئەو دوو دەسەلاتە پێش خۆیانیان بدەن.

5- بەداخەوە کە دەڵێم ئەم دەسەاتە هەڵقوڵاوی عەقڵی کوردیە، چونکە کورد دەڵێت: ئەوەی خەم دەخەم ئەوەی تەش بە خەم،ڕەنگە هەر ئەم هەکارە زاتی و مەوزوعیانەش بن تا ئێستا کورد نەبووتە خاوەنی بوونی سەربەخۆی خۆی، شوانەکانی میللەتی کورد شەریکی گورگن؛ چونکە ئەو داهاتەی لە کوردستان هەیە هەر لە خاڵە سنووریەکان و نەوتی دزراوو گازو پارەی ئاو و کارەباو باجە جەراوجەرەکان و غەرامەکانی هاتوچۆو...تاد بەشی دوو دەوڵەت دەکات، بەس هەندە فەرخە مەسئولی دز پەیدابوون لە دەوری دوو دزە سەرکیەکە دەیانەوێت کەبەکەی ملیاردەرە جیهانییەکان بکەن و هەشتا داوای پارە لە بەغدا دەکەن و کەچی لەولاوە مەشکی خەڵك بە سەربەخۆیی و ریفراندەم پە دەکەن. وەاتی کوێیت کە نزیکترین دراوسمانە هەر هەندەی کوردستان نەوت ڕۆژانە بەرهەم دەنێت کەچی نرخی دراوەکەی کە دینارە سە دەلارو نیوە! ئەمەش هەر بە گاتەپەکردن ئازاین؛ پەیان دەڵێین: عەرەبی پە پەتی، بەڵام بە ئامادە نین دوو دەسەاتی بارزانی و تاڵەبانی کە شەرپەنجەی کوردن لەناوبەرن ، کە تاکە جارەسەری هەموو قەیران و نەهامەتییەکانە.

چیرۆک بە منداڵان/ چۆن بووم بە هاوڕێی پەرتووک؟.. ڕزا شوان

پار کە لە پۆلی پێنج بووم. خەم دەمەزانی لە وانەی "داشتن" لە زمانی کوردیدا، لە ئاستێکی نزم دام. کە مامۆستا سەرناوی بابەتێکی داشتنی بە دەنووسین بە ئەوەی بە وانەی داهاتوو لە لایەنی کەمەوە، شش دێڕی لەسەر بنووسین. خەمم لێدەهات. بە هەزار حاڵ، شش دێڕی کاڵ و کرچم دەنووسی. لە

رووم ناهات دەست هەبم و لە بەردەم هاوکانی پلەکەمان و مامۆستاکەماندا بیخونمەوە.

زارای هاوڕێ و هاوپێم، کە قوتابیەکی زیرەک بوو. زیاتر لە دە دەی زەر جوانی دەنووسی و لە پلەدا دەیخوەندەوە. بە گومان بووم کە خەی بابەتکانی بنووسێت. تا رۆژێک مامۆستا وتی: بە هەفتەی داهاتوو لەسەر " خۆشەویستیی نیشتمان" بنووسن. لە هەفتەی دواتردا.
مامۆستا: کە دێت داشتنکەی بخوەنەتەوە؟
زارا دەستی هەبەی و بەبە پێاوی داشتن، بە ماوەی شش خولەک راستوخۆ بە زاری لەسەر خۆشەویستیی نیشتمان قسەیکرد. بە وشە و رستە جوانەکانی، سەرسامی کردین، سەرنجی هەموومانی راکێشا. چەپڵەیەکی قایم و درێژمان بۆی لێدا. گومانم نەما لەوەی کە خەی نووسینەکانی دەنووسێت.
دوای ئەو وانەیە، وتم: زارا گیان تۆ ئەم و شە و رستە جوانانە لە کوێ فێربووێت؟
زارا بە زەردەخەنەیەکی ناسک و بە زمانێکی شیرین: ژینا گیان ئاگەر دەتەوێت، ئەم نهێنییە بزانیت. رۆژی هەینی وەرە بە ماڵمان پێت دەڵێم کە لە کوێ فێربووم.
رۆژی هەینی مەڵتم لە دایک و باوکم وەرگرت. چووم بە ماڵی زارای هاوڕێم. زەر بە رووخۆشی و گەرمییەوە پێشوازی لێکردم. بردمییە ژوورەکەی خەی. پەرتووکخانەیەکی پێ لە پەرتووک و گۆڤاری رەنگاوڕەنگی منداڵان، لە سوچێکی ژورەکەیدایە. دوای چای خواردنەوە و قسەی خۆش و پێکەنین.
زارا بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرمی کرد و دەستی راستی بە پەرتووکخانەکەی راکێشا و وتی: پەرتووک و گۆڤارەکانم، هاوڕێ دەستزەکانم، ژینای هاوڕێی خۆشەویستم بە لای ئەوە هاتووە.
وتیشی: ژینا گیان من رۆژانە نزیکەی کاتژمێرێک پەرتووک و گۆڤار دەخوەنمەوە. نەک تەنیا بە وانەی داشتن، بەڵکو بە هەموو وانەکان سوودەکی زەرم لێیان وەرگرتووە. پەرتووکخانەکەشم لە خزمەتت دایە.. هەفتەی چەند پەرتووکێک بۆرەو و بیانخوەنەوە.
زەر سوپاسی زارای هاوڕێم کرد. منیش چاوم لێیکرد و لە ژورەکەی خەمدا، پەرتووکخانەیەکی جوانم دانا. بە کەمەڵک پەرتووک و گۆڤاری منداڵان رازاندمەوە. تا دێت ژمارەی پەرتووکەکانم لە زەربووندان. ئێستا کە لە پێلی شەشم. لە وانەی داشتندا، لە دوای زاراوە، من دەست هەدەبەم.

راستەوخۆ بە زاری لەسەر بابەتەکان قسەدەکەم. لە هەموو وانەکانیشدا پشکەوتووم.
من لە ئێستادا "هاوڕێی پڕتووک"م. خوێندنەوەش بووە بە خووی ڕۆژانەم. شانازیش بە زارای هاوڕێی دەستەزم دەگەڵتەوە.

نەرویج: ٢٠٢٣

خەڵکی کوردوستان تێمبڵن!.. نەوزاد بەندی

لە کۆتاییدا بەم دەرکەوت ئەم میللەتە بەهەی تەماڵی و خۆخشیەکەویەتی وا ناچێتە سەر شەقام ، ئەوتا دوای ئەوەی سێ مانگ موچەیان لێ بڕی ، جا لە دەڤەری سەوزدا خەی کوشت ، سەعات و نیوەک هاتە سەرشەقام !! .. من دڵنیام ئەم میللەتە شفتە بووایە قبووڵی نەدەکرد ئەمدیواودیوی بکەی ، لایەکی ئەسووتا و لایەکی کاڵ ئەبوو ..وەک چۆن دەڤەرەکەی تری کەسک و بەهارە ، ئاخر توخوا شتی وا ئەبێ ؟ بەڵێ ئەبێ ..
منالی تەماڵتان دیوە بەیانیان سەد بەهانە دەنێتەوە بۆ ئەوەی نەچێ بۆ قوتابخانە ، بەخوا بابە سەرم ئێشە ، لووتم گیراوە ، نەخۆشم ، شەو تا بەیانی خەوم لێ نەکەوتووە ، سکم ئێشە …با پێنج دەقەی تر بنووم ، ئەم میللەتە تەماڵیش بە هەمان شێوەیە ، سەیر ئەکەیت شەڕی غەزە و ئیسرائیلە ، ئەڵێ : خەتای غەزەیە ، ئەو دەستپێشخەریی کردووە .. یان ئەڵێ کە ئەنفال و کیمیاباران کراین ، جەماعەتی غەزە چییان بۆ کردین ؟ ..ئەی مولازم موحسین فەرستینیی نەبوو ؟!!
لە کاتێکدا ئەمانە خەیشیان لە کاتی کیمیایی و ئەنفالەکەدا خەریکی کەیف و سەفای خۆیان بوون ، تەنانەت لە شاری سلێمانیدا خانوویان نەدەدا بە کرێ بە هەڵەبجەیی و گەرمیانییەکان پێیان ئەووتن قەدەغەیە و سەربگەبەندن ..! .. ئینجا باسی مولازم موحسین ئەکا ، کەچی باسی جاش و تەواری و مستەشارە کوردەکان ناکا کە بەشداریی ڕاستەوخۆیان کرد لە سەرخستنی ئەنفالدا ، بەو حیسابەی ئەوان بە مادام فەوجە خائینمان هەیە ، ئیتر کورد هەمووی خائینە و ئەبێ وەک غەزە

جینۆساید بکرێ ..
باشە کاکە ، وا خەڵکی غەزە دوژمنی باوک و باپیرمانن ، ئەی بۆچی خەیشاندانە ناکەن بە پشتگیریی جولەکەکان کە سەدەهایان لە کوژراوە و لە گیراوە و بە سەر و شوێن کراوە ؟
لێرەدا ئیتر نازانن چی بڵێن ، بە پرخەیەک وەڵامت دەدەنەوە ..
هەنگە بڵێم تاکە قسەی نێچیرڤان بارزانیی کە بە دڵم بە ، ئەوە بوو کە کاتێ نێرە پەستی سەرکۆزیرانی بووە ، ووتی : (خەڵکی کوردوستان تەمبەڵن) وابزانم بە زمانی فارسیش بیووتایە هەر وا دەرئەچوو ..بە ڕاستی وەسفکی جوانی بە کرد ..
جاران کە منا بووین و تەمەڵیی ئەیگرتین و لەی ئەخوتین ، بانگیان ئەکردین هەستە برنج و گۆشتە ، وەڵاممان نەدەدانەوە ..بە حیساب خۆتووین و ئاگامان لێ نییە ، کە عەسریش لێ برساندا لە خۆ ڕائەپەڕین ، ناچاری شلەی ساردو سۆ و بنکەی بنی مەنجەڵکە ئەبوینەوە و وەک هار ئەمانخوارد ..
ئە میللەتیش ئاگەر لە پرخەی خۆدا نییە ، کە یەک هێز موچە دوا ئەکەوێ ، قورتمی ئەو دەستەواتە ئاگرم و پڕۆژە حیزبی و باڵەخانەکانی ڕائاگرم .. نەک دوای سێ مانگ بە موچەیی ، ئینجا سەعات و نیوەک جادەیەک بگرن و دوای ئەوە بە ناو پەخەفکانیان بگەڕێنەوە .. ئەمە مەدالیای خەیشاندانە نەک خەیشاندانی خێ ..بەواتان بە دەستەاتداران ئەوێندە پەکەنینیان بەم خەیشاندانانە دێت ئاگەر بەڵایانەوە عەیب نەبووایە ، ئەیانووت دانیەکی تریش بکەن پەخەفکانتان عایدی ئەمەیە ..

ـوێنەکە ناوەڕاستی لەندەنە ، ئەمە ، ئینگلیزکان خەیشاندان ئەکەن لە دژی کەمەکوژیی خەڵکی غەزە بە چەکی کەکوژی جولەکە و ئەمریکا ـــ